

# ڕۆڵی ئافرەت لە گوتنەوەی بەیت و فۆلکلۆرییەکان دا

نووسینی: سەبات حەمید

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# ڕۆڵی ئافرەت لە گوتنەوەی بەیتە فۆلکلۆرییەکاندا:

سابات حەمید


- ❈ بەشی یەکەم پێناسەی بەیت
- ❈ پێناسەی بەیت
- ❈ جوگرافیای لەدایکبوونی بەیت
- ❈ بەیت و قەسیدە
- ❈ جیاوازییەکانی نێوان بەیت و قەسیدە
- ❈ بەیتی سوارۆ وەک نموونە
- ❈ لایەنی تراژێدی
- ❈ لایەنی دڵداری و ڕەگەزی ستاتیکی و شێعری لە بەیتی سوارۆدا
- ❈ ڕەگەزی ستاتیکی و شێعری لە بەیتی سوارۆدا
- ❈ بەراوردکردنی بەیتی سوارۆ لەگەڵ سوارۆی ئایشێ گوڵ
- ❈ خاڵە هاوبەشەکانیان
- ❈ خاڵە جیاوازەکانیان
- ❈ ژنی کورد و بەیتبێژی
- ❈ ژن لە بەیتی سوارۆدا
- ❈ ژن لە پانتایی هونەری گۆرانیدا

# ڕۆڵی ئافرەت لە گوتنەوەی بەیتە فۆلکلۆرییەکاندا

سابات حەمید

## بەشی یەکەم پێناسەی بەیت

ئەوانەی لە سەربردەی گۆرانی و موزیکیان کۆڵیوەتەوە، بەشی هەرە زۆریان پێیان وایە گۆرانی کۆنترین هاوڕێی دەروون و ناخی مرۆڤە. گۆرانی وەک خوناوکەی بارانێک وایە کە لەگەڵ دامرکاندنەوەی گڕ و جۆش و خرۆشی ناخی مرۆڤەکان و ئاوپرژێنی هەناویان، تین و گوڕێکیشیان وەبەر دێنێتەوە. خۆزگە لێمان ڕوون بوایە یەکەم مرۆڤی گۆرانیبێژ کێ بووە و یەکەم گۆرانیی مرۆڤ چ شتێک بووە. ئەوانە بەداخەوە بە نادیاری ماونەتەوە بەڵام لە کۆنترین دەقەکاندا، چ دەقە ئەدەبییەکان و چ دەقە ئایینیەکان باسی دەنگخۆشی و ئاواز و گۆرانی کراوە و وەک دەڵێن یەکێک لە مرۆڤە هەرە دەنگخۆشەکان حەزرەتی داوودی پێغەمبەر بووە کە بەدەنگە خۆشەکەی خۆی زەبووری خوێندووەتەوە.

کوردیش وەک مرۆڤێکی سەر ئەم گۆی زەوییە لەو نیعمەتە بێبەش نەبووە، بە تایبەتی کە کورد لە کۆن کۆنەوە ئاژەڵدار و کوێستان گەڕ بووە و بە دوای لەوەڕگەدا گەرمێن و کوێستانی کردووە و هاودەمی بەردەوامی سرووشت بووە و لەگەڵ سرووشت ژیاوە، بۆیە لە قەد و داوێن و بناری کێو و چیایان دەنگی لێ هەڵێناوە و گۆرانیی چڕیوە و هەر جارەی لە هەوایەک کوڵی دڵی خۆی دامرکاندووەتەوە و لە ئاکامی ئەو هەوراز و نشێوانەی ژیانیشیدا بەیت و قەتارە و حەیران و گەلۆ و مەقام و لاوک و سیاچەمانە و هۆرەی داهێناوە. ئێمەش لە نێو ئەو جۆرانەی گۆرانیدا ئاوڕێکمان لە بەیت داوەتەوە و بە پێی توانا لێرەدا تیشکمان خستووەتە سەری.

## پێناسەی بەیت

لە نێو جۆرەکانی گۆرانیی فۆلکلۆریماندا وەک: سیاچەمانە و هۆرە و قەتار و بەیت و لاوک، بەیت یەکێکە لە هەرە دەوڵەمەندەکەیان. خۆی فۆلکلۆری کوردی گەنجینەیەکی بەنرخی نەتەوەییمانە و تێیدا دەتوانین ئەو بەشە لە ڕابردووی گەلەکەمان بخوێنینەوە و لێی بکۆڵینەوە کە بەداخەوە نەنووسراوەتەوە و نەکراوەتە مێژووی نووسراو. یانی لە ئاوێنەی فولکلۆردا دەتوانین شێوەی ژیان و دابونەریت و جیهانبینی و تەنانەت شێوازی بیرکردنەوەی پێشنیانی خۆمان ببینین. چونکە بە داخەوە تەمەنی ئەدەبی نووسراوی کورد زۆر نییە و کورد بەهۆی ژیانی چیاییەکەیەوە زۆر درەنگ خۆی داوەتە

خوێندەواری. بۆیەش فۆلکلۆر یان ئەدەبی زارەکیمان تەمەن و ڕابردوویەکی درێژتری هەیە و لە ڕاستیشدا دەکرێ بە جۆرێک لە جۆرەکان وەک بەردی بناغەی ئەدەبیاتەکەمان لێی بڕوانین. ئەوەتا باسیلی نیکیتین لە کتێبی کورد و کوردستاندا لەوبارەیەوە دەڵێ: هەر لێکۆڵینەوەیەک لە ئەدەبیاتی کوردی دەبێ لە پێش هەموو شتێکدا لە سەر فۆلکلۆری ئەو نەتەوە بکرێ کە نەک هەر میراتێکی زۆر دەوڵەمەندی پشتاو پشتی ڕابردووی پێگەیشتووە و هێزێکی گەشە و خوڵقاندن لە ناوخۆشیدا شک دەبا کە هەمیشەش لە نوێکردنەوە دایە و مەبەستی فۆلکلۆری لە نەتەوەکانی جیرانی خۆی وەردەگرێ و کە لەبۆتەی ئەدەبیاتی کوردیدا تواندییەوە، گەشەی پێ دەدا و ئەدەبیاتی خۆی پێ دەوڵەمەندتر دەکات. (نیکیتین، ١٩٩٧: ل ٧٣٤)

بەیت لە واتا قامووسییەکەیدا، بریتییە لەو بەیت و باوەی لە سەر زار و زمانی پێشینیان بووە و لەوانەوە زار بە زار هاتووە و بە ئێمە گەیشتووە. سوارە ئیلخانیزادە لە بەرنامە ئەدەبییەکەی "تاپۆ و بوومەلێڵ"دا کە لە ساڵانی حەفتاکاندا لە ڕادیۆی تارانەوە بڵاوی دەکردەوە و دواتر لە کتێبێکدا هەر بەو ناوە بڵاو کرایەوە "بەیت" بە "شیعری وتار"ی ناو دەبا و ئاوا پێناسەی دەکا: "شیعری وتاری" یا "بەیت" بە لای منەوە گەنجێکی هێژا و سامانێکی گەورەی زەوق و چێشکەی هۆزەکەمانە. (ئیلخانی زادە، ٢٠٠٧: ل ١٧٥)



دوکتۆر ڕەهبەر مەحموودزادە لە کتێبی "پێکهاتەی بەیتی کوردی"دا ئاوا ئاماژە بە وشەی بەیت دەکا:

وشەی "بەیت" لە نووسراوەکان و لە ئاخافتنی خەڵکی ئاساییدا، بەسێ مانای جیاواز دەکار کراوە:

١- بە مانای هەرەگشتی: واتە ئەو بەشە لە فۆلکلۆری کوردی کە تێکڕای "ئەدەبی داستانی زارەکی" دەگرێتەوە. دیارە لەم بەکارهێنانەدا، وشەی بەیت جگە لە لاوک و حەیران و بەند، بەشێک لە گۆرانی و چیرۆکی فۆلکلۆریشی گرتۆتەوە.

٢- بە مانای تایبەتی: واتە بەشێک لە ئەدەبی زارەکیی کوردی کە گەرچی خزمایەتی و نزیکایەتیی لەگەڵ لاوک و حەیران هەیە، بەڵام نە لاوکە و نە حەیرانیش. بۆ نموونە "لاس و خەزاڵ" ـ بەم مانا تایبەتە . بەیتێکە کە بەم ناوە لەنێو خەڵکدا بەناوبانگە و ناکرێ ناوی لاوک و حەیرانی لەسەر دابنێین.

٣- بە مانای گشتی: واتە چەشنە بەکارهێنانێک کە لە نێوان مانای هەرەگشتی و مانای تایبەتیدا جێگیر دەبێ. لەم چەشنە لێکدانەوەیەدا، بەیت بەمانای تایبەتی و هەروەها لاوک و حیران، هەموویان تێکڕا ناوی بەیت، یان جاری وایە لە بەکارهێنانێکی بەرفراوانتردا ناوی "بەیت و باو"یان لەسەر دادەنرێ. (مەحموود زادە، ٢٠٠٣: ل٤)

لەگەڵ ئەوەشدا وردبوونەوە لە بەیت وەک ژانرێکی ئەدەبی کوردی، زۆر هەودا و سەرە داوی دیکەی لێ دەکەوێتەوە. بۆ وێنە کاک ئەحمەدی بەحری لە بەرگی یەکەمی کتێبی "گەنجی سەربەمۆر"دا دەڵێ: کاتێک باسی بەیت دێتە گۆڕێ، خێرا دیمەنی کوردێکی سەر و ڕووخۆش، لە نێوەچوو، ڕەزاسووک و دڵتەڕی دێهاتیت بە زەینندا دێ کە پێچی هێناوەتە سەر برۆیان، دەستێکی لە بناگوێی ناوە و بەوی دیکە تەسبیحە سەد دەنکەکەی هەڵدەخلێنێ. دەنگی لێ هەڵێناوە و لە چەشنی خاسەکەوی سەر دوند، سۆزی دەروونی لە کوڵی دەکاتە پشکۆی وشە و بە لێزمە دەیداتە دەرێ. (بەحری، ٢٠٠٠: ل ٣)
ئەو پێناسەیەی ئەحمەدی بەحری چەند شتێکمان لەسەر بەیت بۆ ڕوون دەکاتەوە.

**یەکەم**: ئەوەیکە بەیت بەرهەمی ژیانی لادێیە و لانکە و بێشکەی لەدایکبوونەکەی دێهاتەکانن.

**دووەم**: هەڵڕشتنی کوڵ و کۆ و هەست و سۆزی دەروونە و زۆر جاران بۆ سووککردنی باری دەروون گوتراوە. خۆی ئەگەر ئاورێک لە بەیتە فۆلکلۆرییەکانی وەک: خەج و سیامەند و کاکەمیر و کاکە شێخ و شۆڕ مەحموود و مەرزینگان دەدەینەوە، بەشێکی زۆر لەو بەیتانە لاواندنەوە و پێداهەڵگوتن و شین گێڕانە. لەو کاتەدا کە کوردی چیایی هیچ هاودەمێکی شک نەبردووە بۆ ئەوەی کوڵی گریانێکی خەستی لەلا هەڵبڕێژێ، دەنگی لێ هەڵێناوە و تێی چریکاندووە و کوڵی دڵی خۆی بە گوێی چیاکاندا خوێندووە.

هەر شتێک بێ، بەیت گێڕانەوەی سەربردە و زۆرجاران تراژێدیا یان پاڵەوانێتیی کەسێکن. ئەو بەیتانە لە ڕووی بابەت و ناوەرۆکەوە بەسەر چەند جۆردا دابەش دەبن. بۆ وێنە بەیتێک لەوانەیە، لایەنی دڵداری و تراژێدی و پاڵەوانێتی لەخۆیدا کۆ بکاتەوە. بۆ وێنە بەیتی لاس و خەزاڵ هاوکات پاڵەوانێتیە و دڵدارانە و تراژێدیاشە. لاس پاڵەوانێکی بێ وێنە و ئاشقی خەزاڵی سەرۆک عەشیرەتی مەلانەبییان دەبێت و دواجاریش بە تیری دوژمنان تێدا دەچێت.

بەشی هەرە زۆری بەیتەکان، لایەنە تراژێدیا و خەفەتبارییەکەیان خەستترە لە لایەنەکانی دیکەیان. بەیتبێژ، یان ئەو کەسەی بەیتەکەی گێڕاوەتەوە و بەیتبێژی سەردەمی ئێمە لە زاری ئەووەوە دەیگێڕێتەوە، خەم و خەفەت و کوڵ و کەسەری خۆی لە دوو توێی بەیتدا هەڵڕشتووە و بەسەرهاتەکەی لەگەڵ هەڵڕشتنی داخ و کەسەری دەروونی گێڕاوەتەوە و لەگەڵ ئەو گێڕانەوەیەیدا، ئاگری ناخ و دەروونی خۆی، بە لێزمە و لافاوی فرمێسکان دامرکاندووەتەوە. ئاخر دەروونزانەکان بەشێکیان لەسەر ئەو بڕوایەن کە گریان دەبێتە هۆی ئارامبوونەوەی دەروونی کەسی لێقەوماو و کۆست کەوتە. ئەحمەدی بەحری گریان بە هۆکارێکی دیکەی وەدیهاتنی بەیت لەقەڵەم دەدا و دەڵێ: ڕەوانناسان لە سەر ئەو باوەڕەن ئەگەر کەسێک بارستی دەردێکی گەورە یا غەمێکی قورس گرانایی لە سەر بکا، بێتوو بۆی بگونجێ پرێسکەی بکاتەوە و کوڵی خۆی هەڵڕێژێ، هەست بە لەش سووکی و ئاسوودەیی دەکا. ئەم بابەتە لە خوڵقانی بەیتدا شوێنێکی یەکجار گرینگی بووە. (بەحری، ٢٠٠٠: ل ٤)

هەر لەو پەیوەندییەدا عەزیز وەلیانی لە کتێبی "ژیلەمۆ"دا دەڵێ : لە ڕوانگەی زانستی دەروونناسیشەوە، هەم وێژەر و هەم بیسەر دەکەونە گێژاوی خەیاڵ و جەزبە. ئا بەم شێوە خۆیان لە بارستی کەسەر و پەژارەی ژیان ڕزگار دەکەن و سوکنایی بە ڕووح و لەشیاندا دێ. بەم جۆرە تۆوی بەیت دەگووڕێ و لە وێنەی زارۆکێ لە بیر و مزری وێژەرەوە فرچک دەگرێ. (وەلیانی، ٢٠٠٤: ل ٦٤).

٥ی ئەپریلی ٢٠٢١

## جوغرافیای لەدایکبوونی بەیت

لە خوێندنەوە و تاوتوێکردنی بەیتەکاندا دەتوانین ئاوڕ لە ڕابردوومان بدەینەوە و تیشک بخەینە سەر کۆمەڵێک لایەنی شاراوەی ژیانی پێشینیانمان. لە ئاوێنەی بەیتەکاندا شێوازی ڕوانین و جیهانبینیی پێشینیان و هەڵسوکەوت و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانیان و میوانداری و لێبوردەیی و تۆڵەسەندنەوە و زۆر لایەنی دیکەی ژیانیان دەردەکەوێ.

ئەحمەدی بەحری پسپۆڕ و شارەزای بواری بەیت و فۆلکلۆر لە دیمانەی گۆڤاری خوێندکاریی "هەژێن" (ساڵی سێهەم ژمارە ٣)دا ئاوا باسی گرنگیی فۆلکلۆر دەکا: گەلێ شارەزا و لێزان، بە زمانی جۆربەجۆر و لە گەل و وڵاتی جۆربەجۆردا، لەسەر فۆلکلۆر دواون؛ ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕاستییە کە فۆلکلۆر یەکێک لە گرینگترین و بەرچاوترینی ئەو دیاردانەیە کە لە ژیانی دوورودرێژی ئادەمیزاددا، بە ڕەنگ و شێوازی جۆربەجۆر ساز بووە. فۆلکلۆر هەروەک دیاردەکانی دیکەی فەرهەنگ

لە ڕەنگدانەوەی پێوەندیی ئینسان و سروشت، ئینسان و ئینسان، ئینسان و خۆیدا هاتۆتە ئاراوە. ئەوەی فۆلکلۆر لە دیاردەکانی تری ئینسان جیا دەکاتەوە و بایەخی تایبەتیی پێ دەدا، خاوەنداره تایبەتییەکەیەتی. هەر ئەوەی کە خاوەنداری فۆلکلۆر خەڵکە، تۆ دەباتە نێو ئەڤیانووسێک بابەتی ڕەنگاوڕەنگ بە پانتایی مێژوو. هەر لەو ڕووەوە گەڕان بە نێو فۆلکلۆردا هەرگیز ناتوانێ گەڕانێکی ئاسایی و کاتی و سەرپێیی بێ. بۆ؟ چونکە تۆ بە سەر ئەزموون و ئێحساسات و دڵەڕاوکە و خۆشیی ئادەمیزاددا دەکەوی کە سەدان و بگرە هەزاران ساڵە بە سەر یەکدا کەڵەکە بوونە لێک دروان و سواون و بەرەو ژیانی ئێستای ئێمە شۆڕابەیان بەرداوەتەوە. ئێمە ئەمڕۆ لە فۆلکلۆردا ئەوەی لێی دەگەڕێین "خۆمان"ین. ئەو "خۆ"یەی لە دنیای مۆدێرنی ئێستا سەیر لەگەڵ خۆی نامۆیە. بە دوای دوێنێ و پێرێی خۆمانەوەین، بە دوای ئەو دابڕانە گەورەیەی کە لەگەڵ سروشت و منداڵیماندا وەدی هاتووە. بە دوای ئەو بەشە لە ڕابردووی ونبووی خۆمانین کە مێژوو بە سەریدا قەڵەمبازی داوە؛ یان هەر ئەرک و کاری ئەو پاراستنی ئەمە نەبووە. لەسەر بەردەنووسەکان، لەسەر سواڵەت و دەفرە کۆنەکان، لە نێو وشە و دێڕی کتێبە مێژووییەکان لە کوێ ئەو بەشە ڕابردووە ون بووە وەک لە فۆلکلۆردا پارێزراوە بە جوانی و بە ڕوونی ماوەتەوە؟ لە بەراوردی مێژوو و فۆلکلۆردا، فۆلکلۆر ئەو گشت بابەتە ورد و نادیارانەن کە شان بە شانی مێژوو زەمانێکی دوور و درێژیان پێواوە و لەگەڵ خۆیان تام و بۆن و بەرامەی بەشە ونبووەکەیان بۆ ئەمڕۆی ئێمە پێیە.

بە داخەوە ئەدەبی نووسراوی کورد تەمەنێکی لەمێژینەی نییە و کورد مخابن زۆر درەنگتر لە خەڵک و دراوسێیەکانی خۆی دەستی داوەتە خوێندن و نووسین. ساوابوونی ئەدەبی نووسراوی هەر نەتەوەیەک، یەکێک لە هۆکارەکانی خەستتربوونەوە و گرنگبوونی ئەدەبی زارەکی و فۆلکلۆرەکەیەتی. ئەوە بەو واتایە نییە هەر گەل و نەتەوەیەک ئەدەبی نووسراویان بەتەمەن و لەمێژینە بێت، ئەوا فۆلکلۆرەکەیان کەم بایەخترە. دوکتۆر ڕەهبەر مەحموودزادە هەر لەو دیمانەیەی لەگەڵ گۆڤاری هەژێن لەو بارەیەوە دەڵێ: هەرچی ئەدەبی نووسراو و ئەدەبی کلاسیکی گەلێک بەهێزتر بێ، ئەدەبی فۆلکلۆریی ئەو گەلە کەشێکی کەمتری بۆ دەمێنێتەوە و بە پێچەوانە ئەگەر بە هێندێک هۆی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەناو گەلێکدا ئەدەبی نووسراو لاواز بێ یا پێشینەکەی زۆر کۆنی نەبێ، ئەوا ئەدەبی فۆلکلۆری ئەو گەلە زیاتر بەخۆیدا دێ و سەرنجی پێ دەدرێ.

## جوغرافیای لەدایکبوونی بەیت

بەشێک لە گۆرانییە کوردییەکان، تایبەتیی هەندێ ناوچەی دیارن. بۆ وێنە سیاچەمانە و هۆرە، لە ناوچەکانی هەورامان و بەشی کەلهوڕی کوردستاندا هەن و لەوێ لەدایک بوون و هەر لەوێش دەگوترێنەوە. سەبارەت بە حەیران و بەیتیش ڕای جۆراوجۆر هەیە. بۆ وێنە هەندێ کەس پێیان وایە حەیران تایبەتی دەشتی هەولێرە و بەیت لە موکریان لەدایک بووە و

گەشەی کردووە و هەڵی داوە و پێ گەیوە. هۆمەر دزەیی لە کتێبی "هەوڵێک بۆ تێگەیشتنی حەیران"دا دەڵێت: ... جەمیلی عەلیاغای دزەیی کە یەکێک لە وەستا لێهاتووەکانی حەیران بووە، لە چاوپێکەوتنێکدا پێی گوتم، وڵاتی ڕەسەنی حەیران دزەییاتی و گەردیاتییە. ئیتر لەوێوە پەڕیوەتەوە بۆ ناوچە شاخاوییەکانی سۆران و موکریان کە ئەوێ زیاتر مەڵبەند و سەرچاوەی بەیتی کوردین نەک حەیران.

پ.د. شوکریە ڕەسووڵ لە کتێبی "ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی"دا ئاوا باسی بەیت و جوغرافیای سەرهەڵدانەکەی دەکا: بەیت پەخشانێکی شێعرئامێزە و ڕیتمی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ وەسف یا بۆ بابەتێکی دڵداری و مێژوویی و لە ناوچەکانی موکریان، هەولێر، کۆیە، ڕەواندوز، حەریر و لە نێو کوردەکانی ڕۆژهەڵات بەیتی پێ دەگوترێ.

ئەو دابەشکردنە ناوچەییە زیاتر بەپێی ڕوانینی ئەمڕۆیی مرۆڤی کوردە لە جوگرافیا و ناوچەکانی کوردستان، بەبێ ئاوڕدانەوە لە ڕووداوە مێژووییەکان و ڕابردووی ئەو نەتەوەیە، کە سەردەمانێک شتێک بەناوی سنوور، وەک ئەوەی ئەمڕۆ هەیە، لەنێوان بەشەکانیدا نەبووە و ئەوان بەبێ هیچ لەمپەرێکی سیاسی توانیویانە گەرمێن و کوێستانێ بکەن. ئەوەتا دوکتۆر ڕەهبەر مەحموودزادە ڕایەکی جیاواز لەوەی هەیە و دەڵێ: "ئەو کەسانەی ئەم پرسیارەیان ئاوها گەڵاڵە کردووە، پێشگریمانەیان ئەوە بووە لە سەردەمی پێشووشدا دەشتی هەولێر و موکریان لە دوو جوغرافیای سیاسیی جودادا بوون. با زۆر دوور نەڕۆین هەر دەوری سەدەیەک لەمەوبەر ئەو خێڵە کوردە کۆچەرانەی زستانان لە دەشتی هەولێر ژیاون، لە وەرزی خێڵ بەرەوژوو دا بەرە بەرە لە ڕێگای قەندیلی مامەکۆییان و سپیڕێزی خەیلانییان و ڕەندۆڵی زەرزایان بۆ لای ناوچەکانی ناوەندیتری ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵکشاون".

بەو پێیە، ئەگەر ئەمڕۆ، ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان هەر کامە و لە ڕووی کۆمەڵێک دابونەریتەوە لێک جیاوازن، ئەوە هۆکاری ئەو سنوورە دەستکردانەیە، ئەگینا لانیکەم لە داهێنان و بنەما کولتوورییەکاندا دەگەڕێنەوە سەر یەک بنەما و بنچینە و هەمووان لە دروستکردنی ئەو شتەدا کە ناوی لێ دەنرێ فۆلکلۆر و کەلەپووری کوردەواری، دەستیان هەبووە. چونکە سەردەمانی پێش دابەشبوونی کوردستان، خەڵکی ئەو ناوچە لێکدابڕاوانەی ئێستا، بەبێ کۆسپ و لەمپەر هاموشۆی یەکتریان کردووە.

## بەیت و قەسیدە

قەسیدە یەکێکە لە فۆرمەکانی شیعری کلاسیک کە لە پێشدا لەنێو عەرەبەکاندا باو بووە و دوای ئەوەی خەڵکی ئێران دێنە

سەر ڕێبازی ئیسلام، شاعیرە فارسەکانیش بە لاسایی‌کردنەوەی عەرەبـان لەو جۆرە شێعرە دەهۆننەوە و شـاعیرانی کـوردیش هەروەتر. خۆی قەسیدە واتە شێعری مەبەستدار. شێعرێک کە تایبەت بۆ مەبەستێک نووسرابێت. دوکتۆر سیرووس شەمیسا لە کتێبـی جۆرەکـانی ئەدەبدا دەڵـێ: قەسیدە یەکەم جـۆرێکی شـیعرە کە لە ئەدەبیـاتی فارسـیی دوای هـاتنی ئیسـلامدا بە لاسایی‌کردنەوە لە شیعری عەرەب هاتووەتە دی.

قەسیدە لە ١٥ هەتا پەنجا، یان شەست و جار هەیە تا حەفتا بەیتیش درێژ دەبێتەوە. خۆی قەسیدە لە ڕاستیدا شیعرێکە بۆ پەسنبێژی و پێداهەڵگوتن (مدح). قەسیدە فارسییەکان پەسنی دەسەڵاتدار و ئەمیرەکـانی سـەردەمی ژیـانی شـاعیران و شـاعیر لە پێنـاوی ئەو قەسـیدانەدا شاباشـی وەرگرتـووە. قەسـیدە لە چەنـد بەشـێک پێـک دێ. بەشـی یەکەمـی قەسـیدە پێداهەڵگوتنە بە هەرێتی لاوێتـی و تـایبەتمەندییەکانی ئەو قـۆنـاغەی تەمەن و بە عەرەبـی پێـی دەڵـێن: "تەشبیب". بەو پێیە یەکێک لە تـایبەتمەنـدییەکانی ئەو قـۆنـاغە، ژیـانی دڵـداری و خۆشەویسـتییە. بـۆیە ئەم بەشەی قەسیدە هەر باسی عەشق و دڵدارییە. لە بەشی دووەمیدا کە پێی دەگوترێ "تەخەلوس" شـاعیر ئەو باسە دڵـدارییە بە بەیتە شیعرێک وا لـێ دەکا بەبێ ئەوەی هەست بە دابڕان و پچڕانێک بکرێت بای دەداتەوە سەر پەسن و پێداهەڵگوتن بە میر یان پادشادا. بەشی سێهەمی هەمووی پێـداهەڵگوتنە و بەشی کۆتـایی یـان چوارەمیشی هەر دوعـاکردن و هیـوای تەمەنـدرێژییە بـۆ ئەو کەسـەی پێیدا هەڵدەڵێ.

بەیتە کوردییەکان لەو ڕووەوە زۆر لە قەسیدە نزیکن. بەیتبێژ لە پێشدا کوڵ و کۆی دەروونـی خـۆی هەڵـدەڕێژێ و بەخـۆی هەڵـدەڵێ و دوای ئەوە دێـتە سـەر باسـە سـەرەکییەکەی، کە پێـداهەڵگوتنە بە قـارەمـانی بەیـتەکە و لە هەنـدێ شـوێندا بەیتبێژ یـان گێـڕەرەوە یـان قـارەمـانی بەیتەکە لەنـاخی خۆیدا و لەگەڵ خـۆی دەدوێ. د. ڕەهبەر مەحموودزادە لە وتـاری ێکیدا "بەیتی کوردی لە خوێندنەوەیەکی بەراوردکارانە لەگەڵ ئەدەبی کلاسیکدا" لەو بارەیەوە دەڵێ: "بەیتی کوردی مەدحی دەستەڵاتداران ناکا. وێکچوونی بەیت و قەسیدە، نەک لەم لایەنە نێوەرۆکییەدا بەڵکوو لە لایەنێکی فـۆرمی و پێکهـاتەییدا زەق دەبێتەوە. بەیتە درێژەکان لە سەرەتـاوە هەتـا کۆتـایی چەنـدین بەشی جۆراوجـۆر لە خـۆ دەگرن کە مەنتیقی فـۆرمیی و نـاوەرۆکیی ئەم بەشـە جۆراوجـۆرانە تـاڕادەیەک پێکەوە جوداوازییـان هەیە. بەیـت لە هەنـدێک بەشیدا بە وەسفی ناسک و ئەوینـدارانە شـێوازێکی لیریـک و غینـایی بەخـۆیەوە دەگـرێ. لەم بەشـانەدا زۆرتـر وەسـف و نزایەکـی ئەوینـدارانە و پاڕانەوەیەکی دڵسووتـاوانە لە قـاڵبی مۆنۆلۆگدا بەدی دەکرێن".

لە بـاری نێوەرۆکیشەوە وێکچـووییەکی زۆر لە نێـوان بەیت و قەسیدەی فارسیدا هەیە. دوکتۆر سیرووس شەمیسا لە کتێبـی جۆرەکانی ئەدەبدا دەنووسێ: قەسیدە، فۆرم و قـاڵبی واتـا و نـاوەرۆکی پـاڵەوانێتی و حەماسییە و باسی پاڵەوانێک دەکا کە

دەچێتە سەفەری پڕ مەترسی و هات و نەهات و بە تەنیا لەشکرێکی گەورە قەڵتوبڕ دەکات. شەڕەکانی ئەو پاڵەوانە لایەنی نەتەوەیی یان ئایینیان هەیە و پەلامار دەباتە سەر کافران یان دوژمنانی وڵاتەکەی.

دەبینین پاڵەوانی بەیتە کوردییەکانیش دەچنە ئەو جۆرە سەفەرانە. لاسەشۆڕ دەچێتە سەفەری مامەڕەش و لە سەر داوای "یای خەزاڵ" بە تووکی سمێڵی مامە ڕەش هەشتا چەپکە گوڵ چەپکە دەکات و بۆ یای خەزاڵی دەنێرێتەوە. شۆڕ مەحموود دەچێتە سەفەری بەلخ و بوخارایە. ئەحمەدخانی میرسۆفی، باوکی لاسەشۆڕی باڵەکیان لە ڕێگای ماڵە خەزوورانیدا هەژدیهایەک لەتوپەت دەکات و چل چەتە و ڕێگر دەکوژێ و دواتریش لە دارستانەکەدا شێرێک دەکوژێ و کەوڵی دەکات. لە بەیتی سوارۆشدا سوارۆ دەچێتە سەفەری کاولە لەحسایە و نازدار حەیرانەکەی پێی دەڵێ: یاخوا خەبەری مەرگی تۆم بۆ بێ، بەڵام نەبیستمەوە کە تۆ سەری کەحێلەکەی خۆتت لە بەر هەزار و پێنسەد سواران وەرگێڕاوە و بە تێکشکاوی و بەزیو گەڕاویتەوە و منت لە نێو ناسک و نازداراندا شەرمەزار کردبێ.

بەو پێیە بەیت و قەسیدە لە هەر دوو بواری فۆرم و نێوەرۆکدا وێکچوویان پێکەوە هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازییەکانیشیان زۆر لەوە زیاترن کە لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە چەند خاڵێکی جیاوازییەکانیان دەکەین.

## جیاوازییەکانی نێوان بەیت و قەسیدە

دەکرێ گرنگترین و بنەماییترین جیاوازیی نێوان بەیتە فۆلکلۆرییەکان و قەسیدە لە کێش و سەروایاندا دەسنیشان بکەین. قەسیدە لەسەرەتاوە هەتا کۆتایی لە سەر یەک کێشی دیاریکراو دەڕوات. میسرەعەکانی قەسیدە لە دەستپێکەوە هەتا کۆتایی لەسەر یەک کێش دەڕۆن، بەڵام کێشی بەیتەکان کێشی خۆماڵییە. کێشی بڕگەییە و میسرەعەکانی کورت و درێژن. بۆ وێنە:

"ئەوە کیژ دەری سوار ئەگە دەچیە وان سەفەری
ئەووت وەسیەت بێ لە سەر دەستی من
پەڕەوە لە چۆمی عوودێ لە دەریای عومانێ
ئەسپێکەخۆت باژۆێ لە کەناری دەسواران
بریا سوار ئەمن خەبەری تۆم بۆ هاتبا کوژرابایەی
ئەوە درابایە بەر ووەدای شیر و خەنجەر و قەناران

نەوەک ئەتۆ هەڵاتبای و سەریَ کەحێلێ خۆت وەرگێڕابا
لە بەر هەزار و پێنج سەد سواران چونکە ئەمنت خەجاڵەت دەکرد
لە کن شەدەشل و شلومل و چاوبەکل و ناسک و نازداران"

وەک دەبینین هەر دێڕەی بڕگەکانی لە چاو بڕگەی دێڕەکەی دیکە کورتتر یان درێژترە. ئەگەر قەسیدە پشت بە کێشی عەرووزی دەبەستێت، ئەوا بەیتە فۆلکلۆرییەکان پشت بە کێشی خۆماڵی و لە ڕاستیدا مۆسیقای ناوەوە دەبەستن و لەوەیاندا لەگەڵ شیعری نوێدا لێک دەچن. قادر فەتاحی قازی لە وتاری "مەنزوومەی کوردیی لاس و خەزاڵ" کە زانکۆی تەورێز ساڵی ٢٠٠٠ بۆی چاپ کردووە لە بارەی بەندەکانی بەیت دەڵێ: بەندەکان (میسرەعەکان)ی بەیت چەند دێڕی هاوسەروان و بە گشتی دوو جۆرن. جۆری یەکەم ئەو بەندانەن کە دێڕەکانیان کورتن و هەر دێڕەی لە دە بڕگە تێناپەڕێنێ. جۆری دووهەم ئەو بەندانەن کە دێڕەکانیان درێژن و لەوانەیە دێڕێک، هەتا بیست و دوو بڕگەش درێژ بێتەوە.

وەک دەبینین لەو نموونەیەی سەرەوەدا کە لە دەقی بەیتەکەی سوارۆ وەرمانگرتووە، هەرکامە و لە ڕووی بڕگەوە لێک جیاوازن. بۆ نموونە:

ئەوە کیژ دەریَ سوار ئەگە دەچیە وان سەفەریَ (١٥ بڕگەیە)
ئەوەت وەسیەت بێ لەسەر دەستی من (١٠ بڕگەیە)
پەڕەوە لە چۆمی عوودیَ لە دەریای عومانیَ (١٤ بڕگە)
٢٣ی ئەپریلی ٢٠٢١

## بەیتی سوارۆ وەک نموونە

بەیتی سوارۆ یەکێکە لەو بەیتە کوردییانەی کە لایەنی پاڵەوانێتی و تراژێدی و دڵدارییەکەی بووەتە تان و پۆ و هەوێنی دەقەکە. ئەو بەیتە لە زمانی کیژۆڵەیەکەوە گێڕدراوەتەوە. ئافرەتێک کە کوڕە گراوییەکەی دەچێتە شەڕێ. دەچێتە کاولە لەحسا. سەفەرەکە سەفەری هات و نەهاتە. دەچێتە شەڕی مان و نەمان. سوارۆ بەر لە ڕۆیشتنێ سەری ئەسپەکەی وەردەگێڕێ و دێتە لای نازدار حەیرانەکەی و داوای ماچێکی لێ دەکا. ماچێک بۆ ورەبەخشین لە دواساتەکانی ماڵاواییدا. ماچێک کە بیکاتە توێشووی ڕێگەی هات و نەهات و تاڵ و سوێرییەکانی سەفەرەکەی پێ شیرین بکا. ماچێک کە توانا و تین و گوڕی پێ ببەخشێ بۆ ئەوەی لە کات و ساتە تاقەتپڕووکێنەکانی شەڕگەدا، خۆڕاگر بێت و چرای هیوایەکیش لە

دڵیدا هەر بلێسەی بێت بۆ گەڕانەوە. بەڵام کچە، ماچەکەی ناداتێ و وەعدەی ئەو ماچەی بۆ دەخاتە ئەو کاتەی سوارۆ بە سەرکەوتوویی لە بەرەی شەڕێ بگەڕێتەوە. بە مەرجێک لە شەڕێ بگەڕێتەوە، کچە بەڵێنی پێ دەدا دوگمەی سینگ و مەمکانی بۆ بترازێنێ و شەو هەتا ڕۆژێ لە باخی سینە و مەمان میوانی بکا.

لەگەڵ ئەوەشدا کچە هەندێ ڕاسپاردەی هەیە و قسەی دڵی بۆ سوارەکەی دەکا و بۆشی دەپاڕێتەوە کە دوازدە ئیمامی دەشتی بەغدایە دەستی بە عومری بگرن و بیپارێزن. لە لایەکیشەوە دوعای ئەوەی لێ دەکا، کە ئەگەر هات و لەبەر 1500 سواری دوژمن سەری کەحێلەکەی وەرگێڕا و لەبەریان بەزی و ڕای کرد، ئەوا سوار بکوژرێ و بە تێکشکاوی و سەرشۆڕی نەیەتەوە. کچە گراوییەکەی سوارۆ، لە لای شەدەشل و شل و مل و ناسک و نازداران، لە لای دەستەخوشک و خەنیمەکان، گەلێکی تاریفی شان و باهۆ و پاڵەوانێتیی سوارۆ کردووە، بۆیە لەوە تۆقیوە ئەگەر خەبەری شکست و بەزینی سوارۆی بۆ بێنن. ئاخر بەزین و تێکشکانی سوارۆ ئەو لە نێو کۆڕی کیژۆڵان شەرمەزار و ڕووڕەش دەکا.

سوارۆ دەڕوات و ڕۆژێک لە ڕۆژان خەبەری بریندااربوونەکەی دێتەوە بۆ کچەگراوییەکەی و ئەویش ڕادەسپێرێتە حەکیم و لوقمانان کە دەست بۆ برینەکەی نەبەن و دەرمانی نەکەن، نەبادا برینەکەی وەبن بدات و تەشەنا بکا. ئەو دەیەوێ مەلهەمێکی بۆ بگرێتەوە "لە حێلی لە دارچینێ لە ژەنگی گوارەی لە تۆزی شەدەی لە چلکی ئانگوستیلەیی و لە ئارەقی قووڵکەی بەر گەردنێ"....

**دەقی بەیتی سوارۆ**
**گوتنی**: **عەلی کەردار**

ئۆهۆ...هۆ...هۆ...هۆ...هۆیش
هەرچەند گازی دەکەمێ نایەی مەتاڵ کەرکەدەنێ[11]
شیر لە غەززەی شای فەرماندە لە خزمەتی وەزیری ماڵ لە بەغدایە
ئەوە کیژ دەڵێ
دوێنێ چووکەڵە سوارەکەی من دەچۆوە
سەفەری کاولە لەحسایە
ئەوە دەیگوت کیژێ وەرە دوو ماچم دەیە
بە سەری بە قوڕ و بە ملی بە کوێنم ڕووم لێ وەردەگێڕا
هەی لاڵ ببم نەمدەدایە

ئەوە لە دوایە دەچوومەوە پێش چووکەڵە سوارەکەی خۆم

زوڵفی خۆمم لەبەر دەگێڕا

مەمکی خۆمم بۆ دەبردەوە تکایە

شەرت بێ بە شەرتی خودا و ڕەسووڵان چووکەڵە سوارەکەم

بێتەوە لەوێ شەڕێ هەرامەتە لەوێ هەڵایە

ئەمن سنگی خۆمی بۆ دەکەم بە کاغەزەکەی مەرجان و

مەمکی خۆمی بۆ دەکەم بە قەڵەمێکە فەرەنگی

هەروەکوو مەلای دوازدەعیلم شەو تا ڕۆژێ لێ بکا متاڵایە

هەی سوار...هەر...هەر...هەر...هەر...

وەرە سوار ئەمن بەتەنێم

ئۆهۆ...هۆ...هۆ...هۆ...هۆیش

ئەوە کیژ دەڵێ سوار ئەگە دەچیە وان سەفەرێ

ئەووت وەسیەت بێ لە سەر دەستی من

پەڕەوە لە چۆمی عوودێ لە دەریای عومانێ

ئەسپێکە خۆت باژوێ لە کەناری دەسواران

بریا سوار ئەمن خەبەری تۆم بۆ هاتبا کوژرابایەی

ئەوە درابایە بەر وەدای شیر و خەنجەر و قەناران

نەوەک ئەتۆ هەڵاتبای و سەرێ کەحێلێ خۆت وەرگێڕابا

لە بەر هەزار و پێنج سەد سواران

چونکە ئەمنت خەجاڵەت دەکرد

لە کن شەدە شل و شل و مل و چاوبەکل و ناسک و نازداران

شەرت بێ هەتا سەری مانگێ مانگ نوێ دەبێتەوە

ئەمن نەتدەمێ یا لێت قەردێ دەکەم ماچ دمی دە زەرد هەناران

هەی سوار...هەر...هەر...هەر...هەر...

وەرە سوار ئەمن بەتەنێم

ئۆهۆ...هۆ...هۆ...هۆ...هۆیش

ئەوە کیژ دەرێ سوار ئەگە دەچیە وان سەفەرێ

ئەووت وەسیەت بێ لەسەر دەستی من ئەسپێکەخۆت
باژۆێ لەکەناری دەرێگایێ
ئەوە ڕەببی سوارە بە دوور بی لە ئەسپی ئەجەلێ
لە شەڕی پاش نوێژان تەپە و تورکمانێ هەرامەتە لەهەڵڵایە
ڕەببی ئاگاداری چووکەڵە سوارەکەی من بێ
بیپارێزن دوعای بۆ بکەن دوازدە ئیمامی دەشتی بەغدایە
ئەوە کیژ دەڵێ لە چرقەی دەروونی منی قەلەندەری بابان وێران
ئەوە ماسییان دەعبایان نەهەنگان
سەریان دینا دەرێ لە گۆمی لەیل و پەڕێ
وەک من جەرگیان دەچۆقالەی دەدانەوە شیددەتی وێ گەرمایێ
هەی سوار...هەر...هەر...هەر...هەر...
وەرە سوار ئەمن بەتەنێم
ئۆهۆ...هۆ...هۆ...هۆ...هۆیش
ئەوە کیژ دەڵێ برینداری خەڵکی بریندان بە ڕەبی
عەولای عەسۆی ئەوە چووکەڵە سوارەکەی من
بریندارە بە مەودای دەخەنجەرێ
ئەوە بڵێن بە حەکیمان عەتاران دوکتەران
قایلم نییە دەرمانی کەن و شتەقە دەستانی بکەنێ
هەتاوەکوونێ بۆخۆم دەگەمەوە سەر ئەوێ گەرمەبرینێ
دەرمانێکی بۆ ساز دەکەم لە حێلێ لە دارچینێ
لە ژەنگی گوارەی لە تۆزی شەدەی لە چڵکی ئانگوستیلەی و
لە ئارەقی قوڵکەی بەر گەردنێ
ئەوە دەیکەمە شەڵتە و دەیهاوێمە سەر ئەوێ گەرمە برینێ
ئەوساڵ ساڵەکەی ناسکە ساڵە
چووکەڵە سوارەکەی من دەچێتەوە سەفەرێکە گەورە و گران
ئەمن زۆری دەترسێم وەبن دا[2] لە من بێنێتەوە تەشەنێ
هەی سوار...هەر...هەر...هەر...هەر...

وەرە سوار ئەمن بەتەنێم
ئۆهۆ...هۆ...هۆ...هۆ...هۆیش
ئەوە كیژ دەڵێ لەشكرێک هەستاوە لە من لە چۆلی شامێ
بێ ئامانە بێ ساماڵە دەڵێن زۆرە زوربەیە
ئەوە دەڵێن كیژێ چووكەڵە سوارەكەت برینداره
ئەنگاوە برینی جووت گوللەیە
ئەمنیش دەچوومەوە كن حەكیمان عەتاران دوكتەران
دەمگوت وەرنەوە سەر چووكەڵە سوارەكەی من برینداره
ئەنگاوە لە جێ شەڕگەیە
هەی لاڵ بم پێیان دەگوتم دەردی پێ مردنییەتی
حەول و تەقەلا و دەرمانكردن و عەزیەتكێشانی بێ فایدەیە
هەی سوار...هەر...هەر...هەر...هەر...
وەرە سوار ئەمن بەتەنێم



بەیتە كوردییەكان بە گشتی نێوەرۆكێكی پاڵەوانێتی (حیماسی)، دڵداری و تراژێدییان هەیە. بەو پێیە دەبێ لە نێوەرۆكی بەیتی سوارۆ ورد بینەوە و بزانین خۆی لە كام یەک لەو پێناسانەدا دەبینێتەوە. سوارۆ دەچێتە شەڕی كاولە لەحسا. بەو پێیە شەڕێكە دەبێ سوارۆ لەوێدا قارەمانێتی بنوێنێ و پاڵەوانانە بۆ سەركەوتن هەوڵ بدا، بۆ ئەوەی هیچ نەبێ ئەو سەركەوتنە، بیگەیەنێتەوە بەو قەول و بەڵێنەی كە كچەتیوەحەیرانەكەی پێی داوە، ئەویش ترازاندنی دوگمەی سینگ و

مەمکانە. بەڵام کێشەیەک لێرەدا هەیە کە ناهێڵێ تیشک بخەینە سەر پانتایی و لایەنە پاڵەوانێتییەکەی، ئەویش ئەوەیە کە وەسفی مەیدانی شەڕ و چۆنیەتیی شەڕکردن و ئازایەتییەکانی سوارۆی تێدا نییە. دوکتۆر سیرووسی شەمیسا لە کتێبی جۆرەکانی ئەدەبدا ئاوا پێناسەی حەماسە دەکا: حەماسە گێڕانەوەی سەربردەکانی پێش مێژووە. ڕاپۆرتێکە لە ڕەوش و بارودۆخی ڕۆژگارانی زۆر لەوە پێش و تێیدا باسی ئەو شەڕانە دەکا کە لە پێناوی سەربەخۆیی و دەرپەڕاندنی دوژمن لە نیشتیمان یان تێک شکاندنی دوژمنان یان هەر نەبێ لە پێناوی بەدەستهێنانی ناو و ناوبانگ و سەروەت و ساماندا دەکرێن. لەو بەیتەدا دیار نییە سوارۆ لە پێناوی چیدا دەچێتە شەڕێ. چونکە سوارۆ دەچێتە شەڕێک لە کاولە لەحسایە. دوکتۆر محەممەد موعین لە بەرگی پێنجەمی "قاموسی موعین"دا ئاوا باسی لەحسا دەکات: احسا، الاحسا، لحسا: ناوچەیەکە لە ڕۆژئاوای کەنداوی فارس و کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی شێوە دوورگەی عەرەبستان. زەوی و زارەکەی لمە. بەڵام چونکە ئاوێکی باشی هەیە، گەنم و جۆ و هەرزن و میوەی لێ ڕەعەمەل دێ و خورماکەشی بەناوبانگە و نزیک بە ٣٥٠٠ کەسیشی دانیشتوو هەیە.

بەندەری ئەحسا ناوەندی بازرگانییە و لە کۆندا پێیان گوتووە "هجر". شێخ ئەحمەد ئەحسایی پێشەوای شێخییەکان لەو ناوچەیە لەدایک بووە. بەو پێیە شەرگەکەی سوارۆ لە دەرەوەی کوردستان بووە. تا ئێستا هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویش لە گۆڕێ نییە کە کورد، لە پێناوی دەسەڵاتێکی خۆماڵیدا شەڕی بردبێتە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی. بەڵام لە مێژوودا زۆر جاران هەبووە سوارچاکی لەشکرێک و تەنانەت فەرماندەی لەشکرەکانیش کورد بوون و چوونەتە شەڕێک کە هیچ پەیوەندییەکی بە کوردەوە نەبووە، بەڵکو شەڕێکی ئایینی بووە و لە پێناوی ئایین و هەستی ئایینیدا بووە. نموونەش شەڕەکانی سەلاحەدینی ئەیووبی و دواتر پاڵەوانێتییەکانی "ساروبیرە" لە شەڕی نێوان عوسمانی و سەفەوییەکان لە شەرەکەی چاڵدێراندا. سەلاحەدین زۆر ناسراوە و باسی ناکەین بەڵام بۆ ڕوونکردنەوەی باسەکەمان بە کورتی ئاوڕێک لە ساروبیرە دەدەینەوە. حوسێن مەدەنی لە کتێبی "کوردستان و ستراتیژیی دەوڵەتان"دا ئاوا باسی ساروبیرە دەکا: یەکێک لە فەرماندە سەربازییەکانی شا ئیسماعیلی سەفەوی ناوی ساروبیرە بوو کە یەکێک بوو لە پیاوە خانەدانەکانی ناوچەی بانە و بە دووهەزار شەرکەری خۆیەوە لە بەرەی شەڕدا جوامێری و پاڵەوانێتی و ئازیەتیی نواند، بەڵام دواتر پارچە تۆپێکی بەر کەوت و کوژرا.

دیارە ساروبیرەمان وەک نموونەیەک هێنایەوە لەو پیاوە شەرکەرە بەدەستوبردانەی کەواسوورەی پێش لەشکری بێگانەکان بوون و شەڕەکەیان هیچ لە پێناوی خاک و نیشتیمان و نەتەوەکەی خۆیاندا نەبووە. ئەگینا شەرگەکەی ساروبیرە، واتە شەرگەی سەفەوی و عوسمانییەکان هەر کوردستان بووە و ماڵوێرانی و کاولکارییەکانی شەڕی نێوان ئەو دوو دەسەڵاتە ئایینییە و بەشمەینەتی و لێقەومانەکان هەر بۆ کورد بووە و دەستکەوتەکانیشی بۆ داگیرکەرەکان.

بەڵام ناوی سوارۆی ئێمە و شەرگەکەی دیار نییە و ئەووش ئیزنمان نادا لەوە زیاتر باسی ئەو لایەنەی بکەین.

## لایەنی تراژێدی

**د. سیرووس شەمیسا لە کتێبی جۆرەکانی ئەدەبدا ئاوا پێناسەی تراژێدی دەکا:** تراژێدی نواندن و پێشاندانی کردەوەگەلێکی گرینگ و جیددییە کە لە سەر یەک بە زیان و زەرەری پاڵەوانی سەرەکی تەواو دەبێ و هەوێنی چیرۆکەکە، بە مەرگەساتی پاڵەوانەکە کۆتایی دێ.

هەر ئەو دەڵێ: لە ڕۆژئاوا، هەتا کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەهەمیش زۆربەی مەرگەسات یان تراژێدیاکان بە شێعر دەنووسرانەوە و ئەو پاڵەوانەی تووشی چارەڕەشی و مەرگەساتەکەش دەبوو لە چینی سەرووی کۆمەڵگە بوو.

بە پێی ئەو پێناسانە، پاڵەوانەکەی بەیتی سوارۆ، کە دواجار تووشی مەرگە سات دەبێ و بەسەرهاتەکەی لە زمانی گێڕەرەوەی بەیتەکەوە بە ئێمە گەیشتووە، چارەنووسێکی تراژێدی و خەفەتبارانەی هەبووە. سەیر ئەوەیە بەر لەوەی سوار بگاتە شەرگە و هەر لە سەرەتای وەڕێکەوتنەکەیدا، گراوییەکەی لەگەڵ ئەوەدا کە بۆی دەپاڕێتەوە "بەدوور بێ لە تیری ئەجەلێ"، **دووعاشی لێ دەکا و دەڵێ:**

ئەوە کیژ دەرێ سوار ئەگە دەچیە وان سەفەرێ
ئەووت وەسیەت بێ لە سەر دەستی من
پەڕەوە لە چۆمی عوودێ لە دەریای عومانێ
ئەسپێکەخۆت باژۆێ لە کەناری دەسواران
بریا سوار ئەمن خەبەری تۆم بۆ هاتبا کوژرابای
ئەوە درابایە بەر وەدای شیر و خەنجەر و قەناران
نەوەک ئەتۆ هەڵاتبای و سەرێ کەحێلێ خۆت وەرگێڕابا
لە بەر هەزار و پێنج سەد سواران
چونکە ئەمنت خەجاڵەت دەکرد
لە کن شەدە شل و شلومل و چاوبەکل و ناسک و نازداران

سەرچاوە
Serchawe

شەرت بێ هەتا سەری مانگێ مانگ نوێ دەبێتەوە

ئەمن نەدەمێ یا لێت قەردێ دەکەم ماچ دمی دە زەرد هەناران

وەک بڵێی، سوارۆ لە شەڕێ سەرناکەوێ و دووعای گراوییەکەی قەبووڵ دەبێ و ئەو سەرەی بردوویەتی نایەێنێتەوە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، لایەنی خەمباری و شینگێڕی و لاواندنەوەی بەیتەکە خەستترین لایەنێتی.

وەک باس کرا، بەیتەکان سەربردە و لە ڕاستیدا گێڕانەوەی بەشێک لە بەشمەینەتییەکانی ژیانی ڕابردووی گەلەکەمانن. ئەوانەی تۆزێک شارەزاییان لە ڕابردووی نەتەوەی کورد هەبێ، باش دەزانێ ئەوا گەلە و نیشتیمانەکەی بەردەوام لەبەردەم شاڵاو و پەلاماری داگیرکەراندا بوون و ئەگەر بۆ زۆر دووریش نەگەڕێینەوە، لانیکەم هەر لەسەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییە سوننە مەزەبەکان و سەفەوییە شیعە مەزەبەکاندا گەلێک کارەساتی دڵتەزێن بەسەر کورد هاتوون. بە تایبەتی کاتێ ئەو دوو دەسەڵاتە نەیارە پەلاماری یەکتریان دەدا، هەموو جارێ شەڕگە و شوێنی تێکهەڵچوونەکانیان هەر کوردستان بووە. جگە لەوەش ئاوڕدانەوەیەک لە کارەساتە دڵتەزێنەکەی قەڵای دمدم و وێرانکردن و کوشتارە بەکۆمەڵەکەی باشووری گۆلی وەرمێ لەسەردەمی شا عەباسی سەفەویدا و دوورخستنەوە (نەفیکردنی)ی بەردەوامی هۆز و عەشیرەتە کوردەکان لە زێد و نیشتیمانەکەیانەوە بۆ دوورە وڵاتان، هەموو بەڵگەن لەسەر ژیانی کارەساتبار و پڕ لەخەمی ئەو گەلە کە هێشتاش شوێنەوارەکانیان بەسەرمانەوە ماونەتەوە و ئێستاش بوونی هەمەوەندەکان لە لیبی و بوونی زیاتر لە یەک ملیۆن کورد لە پارێزگای خۆراسان لە ڕۆژهەڵاتی ئێران کە لە کتێبی "کۆچی مێژوویی کوردەکان بۆ خۆراسان"ی (کەلیموڵڵای تەوحیدی)ـدا بەتێر و تەسەلی هاتووە، هەمووی بەڵگەی حاشاهەڵنەگرن. ئیتر باسی کوردقڕانەکانی سەردەمی ئەتاتۆرک لە تورکیا و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دەیەی هەشتاکان و کارەساتەکەی هەڵەبجە و ئەنفالی باشووری کوردستان هەر ناکەم.

**ئەحمەد بەحری** لە کتێبی گەنجی سەربەمۆردا لەو بارەیەوە دەڵێ: سەرجەم دەتوانین بڵێین ژیانی ڕابردووی کوردەواری وەک تراژێدی دەچێ. هەربۆیە زۆربەی بەیتەکان تراژیدیکن. گوێ بۆ هەر بەیتێک هەڵدەخەین، بارستایی ژیانێکی پڕ دەرد و مەینەت بە تەواوی هێزەوە هەست پێ دەکەین و کۆنەبرینمان وەسۆ دێنەوە.

ئەوەی بەحری باسی دەکا، ئەو بەشە لە کارەساتە دڵتەزێنەکانی ڕابردوون کە بوونەتە هەوێنی بەیتەکان. هەر وەک چۆن کارەساتە دڵتەزێنەکانی مێژووی هاوچەرخی کوردستان بوونەتە هەوێنی سەدان شیعر و چیرۆک و گۆرانی و سروود.

***

١- مەتاڵ کەرکەدەنێ: ئەو قەڵغانەی شەڕکەران بۆ گێڕانەوەی شیر و تیر بەدەستیانەوەیە. جاری وابووە مەتاڵەکە لە

شێوەی سەری شێر یان جانەوەرێکی دیکە بووە کە لێرەدا دیارە مەتاڵی سوارۆ لە شێوەی سەلکی کەرکەدەن بووە.

٢- وەبن دەدا: وەبندانی برین، تەشەناکردنی برین لە ژێرەوە بەبێ ئەوەی لەسەرەوە ئاسەوارێکی ئەوتۆی لێ دیار بێ، لە بنەوە تەشەنە دەکات.

٢٢ی مای ٢٠٢١

## لایەنی دڵداری و ڕەگەزی ستاتیکی و شێعری لە بەیتی سوارۆدا

### لایەنی هەرە بەرچاو و ڕوونی بەیتی سوارۆ، لایەنی دڵدارییەکەیەتی.

**دوکتۆر ڕەهبەر مەحموود زادە لە وتارێکیدا بەناوی " بەیتی کوردی لە خوێندنەوەیەکی بەراوردکارانە لەگەڵ ئەدەبی کلاسیکدا"** لەو بارەیەوە دەڵێ: بەیت لە هەندێک بەشیدا بە وەسفی ناسک و ئەویندارانە شێوازێکی لیریک و غینایی بەخۆیەوە دەگرێ. لەم بەشانەدا زۆرتر وەسف و نزایەکی ئەویندارانە و پاڕانەوەیەکی دڵسووتاوانە لە قاڵبی مۆنۆلۆگ دا بەدی دەکرێن.

گراوییەکەی سوارۆ دوای ئەوەی دڵی دڵدارەکەی دەشکێنێ و لەو کات و ساتە ناسکەدا کە سوارەکەی دەچێتە سەفەری هات و نەهاتێ، ماچێکی ناداتێ، دواتر زولفی خۆی لەبەر دەگێڕێ و مەمکی خۆی لێ دەکاتە تکاکار بۆ ئەوەی سوارۆ دڵی لێی نەیەشێ و لێی ناهومێد نەبێ. ئەو هەموو خۆشییەکان هەڵدەگرێ، بۆ ئەوەی دواتر وەک دیاری و پێشکەشییەکی سەرکەوتن، بیداتە دڵدارەکەی. لێرەدا ئەو پەڕی جوانی و ناسکێتیی دەقەکەمان بۆ دەردەکەوێ.

خۆی لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئاخۆ ئەگەر سوارۆ لە سەفەرەکەی گەڕابایەوە، کچەحەیرانەکەی ئەو قەول و بەڵێنانەی خۆی دەبردە سەرێ یان نا؟ ئەگەرچی ئەوە پرسیارێکە و لەوانەیە بۆ هەموومان بێتە پێشێ، بەڵام کەس ناتوانێ وەڵامێکی دروستی بۆ دەستنیشان بکا و بە دڵنیایەوە "ئا" یان "نا"ی بۆ بڵێ، لەبەر ئەوەی مەرگی سوارۆ ئیتر ڕێگەی ئەزموون و تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی لێ گرتووین. ئەوەی لێرەدا ڕوونە ئەوەیە کە کچەحەیرانیش دوای مەرگی سوارۆ ئەو کورتە ژوانە ئاشکرا دەکا و لەقاوی دەدا کە سوارۆ بەر لەوەی وەڕێ بکەوێ بۆ شەڕگە، دەگەڕێتەوە و دەچێتە لای و ئەوەش کە کچەحەیرانەکەی ئەو قەول و بەڵێنە شیرینانەی پێ دەدا کە بەداخەوە سوارۆ ئاواتەکانی دەباتە بن گڵ و داخ و کەسەریش بۆ نازدارحەیرانەکەی بەجێ دەمێنێ.

## ڕەگەزی ستاتیکی و شێعری لە بەیتی سوارۆدا

تا ئێستا زۆر باسی ئەو فاکتەرانە کراوە، کە شێعر لە قسەی ئاسایی جیا دەکەنەوە. هەمووی ئەو شتانەش لە چوارچێوەی پێکهاتەی زماندا هاتوونەتە ئاراوە. یەکێک لە خاڵە هەرە گرنگەکان کە تا ئێستایش وەک یەکێک لە پێوەرەکان هەمووان لەسەری کۆکن، زمانی ناڕاستەوخۆیە. زمانێک کە لەنێو خۆیدا مانایەکی زۆری هەڵگرتووە.

ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەردەوام بە تەنیشت هەموو شتێکدا تێ دەپەڕین و ناوی هەموو شتەکان دێنین بەبێ ئەوەی بیریان لێ بکەینەوە. زمانی پەیوەندییەکانمان، واتە ئەو زمانەی قسەی پێ دەکەین تەنیا لە خزمەتی گەیاندنی پەیام و مەبەستەکەماندایە. کەس لە کاتی قسەکردندا بیر لە واتای جۆراوجۆری وشەکان ناکاتەوە. کاتێ بە یەکێک دەڵێی: کتێبەکەم بزر کردووە، ئیتر بیر لەوە ناکاتەوە، تۆ بڵێی وشەی "کتێب" جگە لە خۆی واتایەکی دیکەشی هەبێ؟ ئەو بیر لە بزربوونی کتێبەکە دەکاتەوە و بەس. بەڵام کە بڵێین: "من کتێبێکم پڕ لە خەفەت، چاوێک نییە بمخوێنێتەوە و مێشکێک نییە ڕاڤەم بکات"... بیسەر یان خوێنەر یەکسەر بیر لە شتێکی دیکە دەکاتەوە. بیر لە من دەکاتەوە کە ناخم هەزار توێژ و لایەن و دەرووی تێدایە و پڕ پڕە لە ڕاز و نهێنی و کەس لێم تێ ناگا.

کاتێ کیژ بە سوارەکەی دەڵێ:

"زوڵفی خۆمم لەبەر دەگێڕا
مەمکی خۆمم بۆ دەبردەوە تکایە
شەرت بێ بە شەرتی خودا و ڕەسووڵان
چووکەڵە سوارەکەم بێتەوە لەوێ شەڕێ هەرامەتە لەوێ هەڵایە
ئەمن سینگی خۆمی بۆ دەکەمە کاغەزەکەی مەرجان و
مەمکی خۆمی بۆ دەکەم بە قەڵەمەکی فەرەنگی
هەروەکوو مەلای دوازدەعیلم شەوتا ڕۆژێ لێ بکا موتاڵایە"

تۆ بە دەست خۆت نییە، کۆمەڵێک وێنەت دێنە پێش چاو. کۆمەڵێک تابلۆی جوان و ڕۆمانسی. زولف و مەمکی کیژێ لەوێدا دەبێتە تکاکار. وەک چۆن لە کاتی هەڵەکردنێکدا خۆت هیچت لەدەست نایە و کەس قسەت لێ وەرناگرێ، کەسێک دەکەیتە تکاکار کە لایەنی بەرامبەرت ڕێزی دەگرێ و قسەی ناشکێنێ. لەو بەیتەشدا کیژێ کە دەزانێ سوارۆ دڵی لێی شکاوە و

دەشزانێ سوارۆ وەڵامی ناداتەوە، بەڵام لەوەش دڵنیایە کە سوارۆ ڕێز لە زولف و مەمکانی دەگرێ و ئەگەر ئەو جووتەی لێ بکاتە تکاکار، ئەوا لە بەر ڕێزی ئەوانیش بێ، لەگەڵی ئاشت دەبێتەوە. لێرەدا ئیتر مەمک ئەو جەستەیە نییە کە هەوەسی پیاو ببزوێنێ و تەزوبی لەگیانی بگێڕێ. مەمک لەو دیمەنەدا جێی ڕاسپاردە و کەسێکی ماقووڵ دەگرێتەوە.

لە دێڕەکانی دواتریدا سینگی خۆی دەکاتەوە بە کاغەزێکی مەرجان و مەمکی خۆی بۆ دەکا بە قەڵەمێکی فەرەنگی و لێی دەگەڕێ سوارۆ شەوێ هەتا ڕۆژێ لەسەری بکاتەوە موتاڵایە...

لەو چەند دیمەنە شاعیرانە و ناسکەشدا کیژێ نایە ڕاستەخۆ بڵێ: سوارۆ ئەگەر بە سڵامەتی هاتیتەوە چیت پێ خۆشە دەتدەمێ. خۆی ئەگەر ڕاستەوخۆ وای گوتبایە، ئەو هێزە ئەفسووناوییە لە پەیڤ و قسەکانیدا نەدەبوو. ئەوەی زمانەکەی لێرەدا دەوڵەمەند کردووە و گەیاندوویەتە ئەوپەڕی ناسکێتییەکەی، ئەو شێوە دەربڕینە شاعیرانەیە کە سینگە ناسک و سپییەکەی وەک کاغەز و مەرجانی بۆ دەکاتەوە. مەمکیشی وەک قەڵەمێک دەخاتە نێوان پەنجەکانیەوە. با لە دیمەنەکە وردتر ببینەوە.

وێکچوویی نێوان کاغەز و سینگ: هەر دووکیان سپی و ناسکن. هەردووکیان ڕێک و لووسن.

وێکچوویی نێوان قەڵەم و مەمک" قەڵەم مەرەکەبی تێدایە و مەمک شیر. شیر منداڵ پەروەردە دەکا و مەرەکەبی قەڵەم دێڕەکانی نووسین.

موتاڵاکردن: لە کۆندا چینی خوێندەواری کورد مەلاکانی نێو حوجرەکان بوو. ئەوانیش لە کاتی خوێندنێدا بەسەر کتێبەکانیاندا دەنووشتانەوە. خۆ وەک ئێستا نەبووە مێز و کورسیی تایبەتیان هەبێ و لە پشت کۆمپیتەر ڤیت و قنج دانیشن. ئەوان کتێبەکەیان دادەنا و لەسەر زگ ڕادەکشان و بەسەریدا دەنوشتانەوە و دەیانخوێندەوە.

دەبینین کیژێ لێرەدا ڕاستەوخۆ نالێ، لێت دەگەڕێم لەسەر سینگم درێژ بیت و بنووی. دەڵێ، وەک مەلای دوازدە عیلم لەسەری بکەیتەوە موتاڵایە.

موتاڵا، لایەنێکی دیکەشمان بۆ دەخاتە ڕوو. ئەویش ئەوەیکە، ئەو کەسەی شتێک دەخوێنێتەوە، دێڕ بە دێڕ لە نهێنییەکانی نێو نووسراوەکە دەگا و لێیان تێ دەگا. سەیر لەوەدایە کچە نالێم سینگمت بۆ دەکەم بە کتێب و بیخوێنەوە. دەڵێ: بۆت

دەکەم بە کاغەزێکی مەرجان. نازانین ئەو کاغەزە لەسەری نووسراوە یان نا، بەڵام لەوبەری وشەکانەوە، شتێکی دیکەی تێدایە، ئەویش ئەوەیە. دەڵێ:

سینەم پڕە لە ڕاز و نهێنی و بە هەزاران قسەم پێیە. کە هاتیتەوە و بووینە هاوسەری ژیان، جا پڕیاسکەی دڵمت بۆ دەکەمەوە. ئەو کاتەیە دەبێ شەو هەتا ڕۆژێ کاغەزی پڕ لە ڕاز و نهێنیی سینەم بخوێنیتەوە بۆ ئەوەی عیلمەکانت کامڵ بن.

لەو دێڕانەدا شتێکی دیکەشمان بۆ دەردەکەوێ، کیژێ، ناڕاستەوخۆ بە سوارۆ دەڵێ، هێشتا کرچ و کاڵی و دەبێ بێیتەوە لەسەر سینگ و مەمکی من پێ بگەی.

ڕەگەزێکی دیکەی شێعری لەو بەیتەدا زێدەبێژیی یان موبالەغەیە. موبالەغە یەکێکە لە ڕەگەزەکانی شێعر کە شاعیر لە وەسفێکی شاعیرانەدا پلەی پێداهەڵگوتن یان تەوسیف و تاریفەکە ئەوەندە بەرز دەکاتەوە یان ئەوەندەی دادەبەزێنێ لە ئەقڵ دەترازێ. لێرەشدا یارکۆڵێ کە باسی ناڵین و گریان و شیوەنەکانی و ئاخ هەڵکێشانی خۆی دەکا لە دوای ڕۆیشتنی سوارۆ دەڵێ:

"ئەوە کیژ دەرێ لە چرقەی دەروونی منی
قەلەندەری بابان ویران ئەوە ماسیان دەعبایان
نەهەنگان سەریان دێنا دەرێ لە گۆمی لەیل و پەڕێ
وەک من جەرگیان دەچۆقا لەی دەدانەوە شیددەتێ وێ گەرمایێ"



جا بیهێننە بەرچاوی خۆتان، دەبێ قرچە و شیوەنی دڵی ئەو کیژۆڵەیە چەندە بە تەوژم بووبێ کە لە تاوانی ماسی و دەعبا و نەهەنگان لە گۆم سەریان هێنابێتە دەرێ و خۆیان خستبێتە بە قرچەی خۆرەتاوێ و هەڵچۆقابێن و برژابێن.

لە ڕاستیدا بەیتبێژ تەنیا دەیەوێ بەو دەربڕینە ئاستی خەمەکەی و ڕادەی ئازار و ژانە دەروونییەکەی خۆیمان بۆ بخاتە ڕوو، کە دەکرێ بڵێین ئەگەر ئەو موبالەغەیەی نەکردبایە، ئێمە نەماندەزانی قووڵایی دەریای خەمەکەی چەندەیە و دەقەکەش ئەو هێز و دەوڵەمەندییەی نەدەبوو.

## بەراوردکردنی بەیتی سوارۆ لەگەڵ سوارۆی ئایشێ گوڵ

بەیتی سوارۆ بە دوو شێوە گوتراوەتەوە. یەکێکیان ئەوەیانە کە مامۆستا عەلی کەردار گوتوویەتی و ئەوی دیکەیان ئەو بەیتەیە کە بە سوارۆی ئایشەگوڵ بەناوبانگە و من لە زمانی مامۆستا خدری قادری ناسراو بە خلەدەرزی بیستوومە. ئەو دوو بەیتە زۆر بەشی وەک یەک و لە هەمان کاتدا زۆر لایەنی لێک جیاوازیشیان هەیە کە لەم بەراوردکردنەدا دەمەوێ پەردە لەسەر ئەو دوو لایەنی وەک یەک و لێک جیاوازەیان هەڵبدەمەوە. سوارۆی عەلی کەردار بە پێچەوانەی سوارۆی ئایشەگوڵ بێژەرەکەی دیار نییە. چونکە لەو بەیتەیاندا کە خلەدەرزی دەیلێتەوە ناوی هۆنەرەکەی دیارە کە کەسێکە بەناوی ئایشەگوڵ. ئەو دوو بەیتە یەک هەوێنیان هەیە، بە کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش و لێک جیاوازەوە کە لەپێشدا خاڵە هاوبەشەکانیان دەسنیشان دەکەین:

## خاڵە هاوبەشەکانیان

هەر دووکیان سوارچاکێکە و دەچێتە سەفەری کاولە لەحسایێ. لە هەر دووکیاندا سوارۆ بەر لەوەی بکەوێتە ڕێ، دەچێتە لای نازدار حەیرانەکەی بۆ ماڵاوایی و داوای ماچی لێ دەکا، بەڵام ماچەکەی ناداتێ و لە هەردووکیاندا نازدار حەیرانەکەی سوارۆ قەول و بەڵێن دەدا ئەگەر سوارەکەیان بە سەرکەوتوویی بێتەوە، دوگمەی سینگ و مەمانی بۆ دەترازێنن و لە بەهەشتی سینگ و مەماندا بەبێ هیچ بەرگێڕەوەیەک میوانی دەکەن. سوارۆی هەردووکیان دواجار دەپێکرێ و لەو سەفەرەیدا بە سڵامەتی ناگەڕێتەوە و نازدارحەیران ڕادەسپێرێ دوکتۆر و حەکیم و لوقمانان دەستی نەکەنێ هەتا بۆ خۆی دەگاتە سەر گەرمەبرینێ و دەرمان و مەڵحەمی بۆ دروست دەکا. هەردووکیشیان شێوە و کەرەستەی دەرمان دروستکردنەکەیان لە یەکتری دەچن. بە گشتی هەوێنەکەیان یەک شتە بەڵام جیاوازییەکانیان زۆر بەرچاوترن. جیاوازییەکانیش لە شێوەی گێڕانەوەی ڕووداوەکان و چۆنیەتیی سەفەرەکە و بریندارببوونەکەدا بە زەقی خۆ دەنوێنن.

## خاڵە جیاوازەکانیان

بەر لە هەر شتێک پێویستە بڵێم ئەودوو بەیتە لە شێوەی گوتنەوە واتە لە ئاوازەکەیاندا لێک جیاوازن. مامۆستا خلە دەرزی هەوای گوتنەکەی زۆر لە ئازیزێ نزیکترە بەڵام ئەو ئاوازەی عەلی کەردار سوارۆی پێ دەڵێتەوە، شێواز و ئاوازێکی دەگمەن و تایبەتە و تەنانەت لە گوتنەوەی سەربەندەکانیدا کە دەیانڵێتەوە و دووبارەیان دەکاتەوە و دەڵێ:

"هەی سوار...هەر...هەر...هەر...هەر...
وەرە سوار ئەمن بەتەنێم
ئۆهۆ...هۆ...هۆ...هۆ...هۆیش"

لە شێوەی گوتنەکەیدا تۆ هەست دەکەی بە پێی زرمەی پێی ئەسپ و هاوریتم لەگەڵ چوارناڵەی ئەسپی سوارەکەیدا هەناسەکانی بەرز و نزم دەبنەوە و بە تۆزێک وردبوونەوە لێی وا هەست دەکەی ئەوەی دەیڵێتەوە بە سواری ئەسپێک دەیڵێتەوە کە لە حاڵی چوارناڵە دایە. بەڵام ئەو جوانکارییە لە سوارۆی ئایشەگوڵدا نییە.

سوارۆی ئایشەگوڵ وەک سەربازێک جەلبی بەدوودا دەچێ واتە بەزۆری دەیبەنە شەڕێ، بەڵام سوارۆی عەلی کەردار وەک فەرماندەیەک دەچێتە شەڕێ. ئەوەتا ئایشەگوڵ ئاوا دەست پێ دەکات و دەڵێ:

"ئایشەگوڵم دەگوت خۆ من نەمدەزانی کە چووکەلە سواری من
هەر جەلبی بەدوودا دێ کە بڕواتەوە لە بۆ سەفەری دەکاولە لەحسایێ"

بەڵام سوارۆی توێژینەوەکەی ئێمە لە دەسپێکدا وەک فەرماندەیەک کە دەچێتە غەززە بە فەرمانی وەزیری ماڵ لەبەغدایێ وەڕێ دەکەوێ و لە لایەکی دیکەشەوە کیژ دەڵێ:

"بریا سوار ئەمن خەبەری تۆم بۆ هاتبا کوژرابایەی
ئەوە درابایە بەر وەدای شیر و خەنجەر و قەناران
نەوەک ئەتۆ هەڵاتبای و سەرێ کەحێلێ خۆت وەرگێڕابا
لە بەر هەزار و پێنج سەد سواران چونکە ئەمنت خەجاڵەت

دەکرد لە کن شەدە شل و شلومل و چاوبەکل و ناسک و نازداران

شەرت بێ هەتا سەری مانگێ مانگ نوێ دەبێتەوە

ئەمن نەتدەمێ یا لێت قەردێ دەکەم ماچ دمی دە زەرد هەناران"

لێرەدا کە ورد دەبینەوە لەو داوایەی کە پێی وایە ئەگەر سوار سەری کەحێڵەکەی خۆی وەربگێڕێ لەبەر هەزار و پێنسەد سواران، ئەوا لەشکرەکەش دەشکێ و کیژێ خەجاڵەت دەبێ لە کن شەدەشل و شلومل و چاوبەکل و ناسک و نازداران.

پرسیارێک مەبەستەکەمان ڕوون دەکاتەوە. ئاخۆ لە نێو سوپایەکدا ئەگەر سەربازێک ببەزێ و ڕا بکا، لەشکرەکە دەشکێ؟ نەخێر، بەڵام ئەگەر فەرماندەکە سەری کەحێڵەکەی خۆی وەربگێڕێ و پاشەکشە بکا، ئەوا لەشکریش بەدووی ئەودا تێک دەشکێت.

ئایشەگوڵ ئەوەندەی لەگەڵ خۆی دەدوێ هیچ لەگەڵ سوارۆی نادوێ. بەڵام کیژێ واتە سوارۆی عەلی کەردار هەر لە سەرەتاوە کە دوای ئەوەی ماچی ناداتێ، دەچێتەوە پێش چووکەلە سوارەکەی و زولفی خۆی لەبەر دەگێڕێ و مەمکی خۆی بۆ دەباتەوە تکایێ و ئیتر لەوێوە دەکەوێتە قسە لەگەڵیدا و جیا لەو گفت و بەڵێنانەی پێی دەدات، ئامۆژگارییشی دەکا و تەنانەت هەڕەشەشی لێ دەکا کە ئەگەر بێت و ببەزێ و سەر نەکەوێ ئەوا بێبەشی دەکا و تەنانەت ماچێکیشی ناداتێ. لەگەڵ ئەوەشدا بۆشی دەپاڕێتەوە کە دوور بێ لە ئەسپی ئەجەلێ و لە تیری پاژنوێژان و..

بە گشتی سوارۆی توێژینەوەکەی ئێمە جووڵەی زۆر تێدایە. بە پێچەوانەی سوارۆی ئایشەگوڵ کە بەشی هەرە زۆری مۆنۆلۆگە واتە قسەکردنە لەگەڵ خۆی، سوارۆی توێژینەوەکەی ئێمە دیالۆگی تێدایە و دەکرێ بەشێکیان بەشێوەی دراماتیکیش نمایش بکرێتەوە. ئەوەش لایەنێکی دیکەی بەهێزبوونی ئەو بەیتەیە.

بە گشتی بەیتی سوارۆی ئایشەگوڵ لەهجە و شێوەزاری ئەو ناوچەیەی زۆر پێوە دیارە کە بەیتبێژەکەی لێ ژیاوە بۆ وێنە ڕۆژی جومعە بەو شێوەیە دەڵێتەوە:"جوحمە."

سوارۆی ئایشەگوڵ دەڵێ ئەمن ئاشقم زۆرن و کوێر بم ناگەنە مرادی دڵی خۆیان:

"ئەمن ئاشقی دەلەدنیایەم گەلەگەلێکی دەزۆرن

دەگ ڕەبی سەت هەزار جارانم کوێرایی بەچاوی دەئایشێ گوڵێ دا
شتەقیان بە دڵێکە خۆ ناگەنێ و"...

بەڵام کیژێ واتە سوارۆی عەلی کەردار هەر سوارۆی هەیە و لەوی زیاتر کەسی بە دەورەوە نییە یان لانیکەم باسیان ناکا.
٦ی جوونی ٢٠٢١

## ژنی کورد و بەیتبێژی

لە زۆربەی بەیتەکانەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەوەی هۆنەر و داڕێژەری دەقی بەیتەکەیە ئافرەتە نەک پیاو، بەڵام ئێمە هەر لە زاری پیاوانەوە بیستوومانەتەوە و بە داخەوە لەو بوارەدا دەنگی هیچ ئافرەتێک بەتۆمارکراوی نەماوەتەوە. بەیتی کاکەمیر و کاکە شێخ، ئازیزێ، بەشێکی زۆر لە حەیرانەکان، بەیتی سوارۆ و زۆر بەیتی دیکەمان هەن کە وێژەرەکەیان ئافرەت بووە، کەچی بەداخەوە بە دەنگی ئافرەت بەرهەمێکمان لەبەر دەستدا نییە و وەک باسمان کرد ئەوەی هەیە لە زاری پیاوانەوە بە ئێمە گەیشتووە. ئەو مەسەلەیە هەتا ئێستاش وەڵامێکی شێلگیری بۆ نەدۆزراوەتەوە و هەر کەسە و لە ڕوانگەی خۆیەوە هۆکارەکانی خستووەتە ڕوو. هەرچۆنێک بێ، ورد بوونەوە لەو دەقە بەیت و حەیرانانە ڕاستییەکمان بۆ ڕوون دەکەنەوە ئەویش ئەوەیکە ژنە کورد ئەگەر وەک پیاوان مەیدان و ڕێگەی پێ درابایە، لە تواناداا هیچی لە پیاوەکان کەمتر نەدەبوو و داهێنانەکانیشی ئەگەر لە پیاوان پتر نەبوایەن، لانیکەم شانیان لە شانی پیاوان دەدا. عەلی خزری نووسەر و ڕووناکبیری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دیمانەیەکدا لە بارەی حەیرانەوە ئاوا وەڵامی دیمانەکار جەعفەر حوسێن پوور (هێدی) دەداتەوە:

"ژنی کورد هەرچەند لەچاو ژنانی نەتەوە هاوسێیەکان سەربەستیی زیاتر بووە، بەڵام هیچکات ئەو سەربەستییە نەگەیوەتە ئەو ڕادەیە کە لە مۆسیقادا چالاکیی هەبێ. ئەگەر کوڵوکۆیەکی لە دەروونداا بووبێ، بە بیانووی لاواندنەوەی منداڵ، ئەگەر ویستوویەتی ڕەخنە بگرێ و ڕق و کین برێژێ بە بالۆرە و ئەگەر ویستوویەتی بە ڕیتم دەروونی لە گرفتەکانی ڕوحیی پاک بکاتەوە، بە ئاهەنگی مەشکەژاندن سوکنایی هاتووەتێ. ژنی کورد زگماک هۆنەر بووە. ئەوەی ئەو لە لایەلایە و بالۆرە و مەشکەژاندن و شینگێڕیی مردوو و.. دا وەک هۆنراوە خوڵقاندوویەتی، لە باری نێوەرۆک و جوانیناسییەوە بێ وێنەیە و پیاوی کورد، لە کاری مۆسیقادا، ئەو سۆزە و دیالێکتانەی لە ژن وەرگرتووە و ئەوە کە لە حەیراندا لە زمان کیژەوە دەگوترێ، ئەمانەتدارییەکە لە لایەن پیاوەوە. ئەگینا ژن، ئەویش ڕاستەوخۆ، کەی ئەو دەرفەتەی بووە کە تواناییەکانی خۆی لە مۆسیقادا، ئەویش لە سەردەمێکدا کە تەنانەت بۆ پیاویش گۆرانی گوتن بە کارێکی سووک داندراوە، بهێنێتە

مەیدانەوە؟"

ڕەنگبێ ئاوڕدانەوەیەک لە شوێنی گرنگیدان بە بەیت و گوتنەوەی بەیت و حەیرانەکان، زۆر سەرەداوی گرنگمان بەدەستەوە بدەن لەسەر ئەوەی ئاخۆ بۆچی دەنگی ئەو ژنانە نەماونەتەوە.

بەسەرنجدان بەوەیکە ئەدەبی فۆلکلۆر ئەدەبی بەر لە خوێندەواری و قوتابخانەی میللەتە، دەبێ ئاوڕ لەو شوێنانە بدەینەوە کە ئەو ئەدەبەی لێ بەرهەم هاتووە یان لەوێوە پەرەی پێدراوە. هەموو بەڵگەکان ئەوە دەسەلمێنن کە شوێنی پەرەپێدان بەیت و پشتگرتنی بەیتبێژان دیوەخانی ئاغا و دەرەبەگەکان بووە. ئەگەر لە دەرباری پادشاکاندا خەڵات پێشکەش بە شاعیرەکانیان دەکرا و دیارییان پێ دەبەخشران ئەوا کورد بەهۆی نەبوونی دەسەڵاتێکی سیاسییەوە، جگە لەو چەند قۆناغە کورتەی سەردەمی ئەمارەتەکان، پێشتر دیوەخان باڵاترین دەسەڵاتی نێو کۆمەڵگەی کوردەواری بووە و لە دیوەخانەکاندا حەیرانبێژ و خۆشخوان کۆ کراونەتەوە و بەخێویش کراون.

**مامۆستا هێمن لە پێشەکییەکەی توحفەی موزەفەرییەدا دەنووسێ:** "لە ناوچەی موکریان هەر ئاغایەک دانگە ملکێک، کۆنە دیوەخانێک، قوڵە بارگینێک، کەچە زینێک، پیرە تاژییێکی هەبایە، خۆشخوانێکی ڕادەگرت کە شەوانە لە دیوەخان بەیت و باوی بۆ بڵێ، لە وەختی نووستندا حیکایەتی بۆ بکا، لە شاییدا داوەت و ڕەشبەڵەکی بۆ بگێڕێ، لە سەنگەردا تانووتی لێ بدا. لە ڕاودا لەسەر تەماڵ پاییزە و ئازیزەی بۆ بڵێ، فڕان باوێتە دژمنی و بەندان بە دۆستی هەڵبڵێ و تەنانەت لە پاش مردنی شینی بۆ بگێڕێ".

**مام هێمن هەر لە درێژەی ئەو باسەیدا دەڵێ** "تا ئاغا دەسترۆیوتر، تا دێ ئاوەدانتر و گەورەتر، تا دیوەخان بە بێنە بێنەتر، تا ئەسپ ڕەسەنتر، تا زین و لغاو و ڕەحت و ڕێشمە پەرداختر، تا تاژی چێتر و دەم گەرمتر بان، خۆشخوانیش وەستاتر و شارەزاتر، نێر و پرتر و کۆک و پۆشتەتر دەبوو".

**ئەحمەدی بەحریش لە کتێبی گەنجی سەربەمۆردا لەو بارەیەوە ئاوا دەنووسێ:** "لە زۆر ناوچەی کوردستان بە تایبەت لە موکریاندا ئاغا و دەرەبەگ لە گوند یا گوندەکاندا ژیاون. مانەوەی ئاغا لە دێدا داب و نەریت و هەندێک تایبەتمەندی داوە بەم ناوچەیە کە لە شوێنەکانی تر کەمتر بەرچاو دەکەوێ. یەکێ لە هۆیەکانی پەرەسەندنی پتری بەیت لە موکریاندا دەگەڕێتەوە سەر ئەم مەسەلەیە. هەر ئاغا و نیمچە ئاغا و قوڵەئاغایەک بەپێی دەسترۆیشتنی، یەک یا چەند خۆشخوانی ڕاگرتووە تا لە کاتی شادی و کەیف خۆشی یا هاتنی میوان یا چوونە ڕاو، بە گوتنی خۆی مەجلیسیان بۆ بڕازێنێتەوە".

ئەوە مەیدانێکی بەرین و هەراو بووە بۆ خۆشخوانە پیاوەکان و لانیکەم ئەوان ئەوەندە ئازادییەیان هەبووە بە کەیفی خۆیان دەنگ هەڵێنن و لەو پێناوەدا شاباش و خەڵاتیش وەرگرن. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا خۆشخوانە پیاوەکانیش بەردەوام کۆسپێکیان لەبەردەمدا بووە کە ئەویش فتوای مەلا و قسەی مەلا بووە. مامۆستا هێمن لە توحفەی موزەفەرییەدا لەو بارەیەوە دەڵێ" :خۆشخوان لە دێدا هەر ناحەزێکی هەبوو، ئەویش مەلای گوند بوو. کەم وابوو دانوویان پێکەوە بکوڵێ. مەلا وشکەکان خۆشخوانە دڵتەڕەکانیان خۆش نەدەویست. ناویان نابوون چاوەش. بە چاوی سووک چاویان لێ دەکردن. تا مەلا تەشریفی لە دیوەخان بووبایە خۆشخوان دەبوو قڕوقاپ دانیشێ و متەقێ نەکا".

بەو پێیە کە شوێنی حەوانەوە و تەنانەت پاڵپشتی حەیرانبێژ و بەیتبێژ و بە گشتی خۆشخوانەکان دیوەخانی ئاغا بووبێ، زۆر لایەنی دیکەمان بۆ ڕوون دەبنەوە. یەکێک لەو لایەنانە ئەوەیە کە دیوەخان شوێنی کۆبوونەوەی پیاوان بووە و ژن بە هیچ شێوەیەک ڕێی نەکەوتووەتە دیوەخانەوە و لە ئاکامدا هیچ پاڵپشتێکیشی نەبووە کە بە قەولی خەڵکی سەردەمی ئێستامان "سپۆنسەر"یان بێت. کە سەیری ئەو لایەنەی دیکەیش دەکەین کە تەنانەت پیاوەکانیش ڕێگەی هونەرەکەیان بێ کۆسپ و لەمپەر نەبووە و بەردەوام مەترسیی فتوایەکی ئایینییان لەسەر بووە، دەی دەبێ ژن چ ڕێگەیەکی لەبەر بووبێت. ئەو ژنەی کە لە کۆمەڵگاکەیدا تەنیا بەسەرچاوەی چێژگەیاندن بە پیاو و بەخێوکەری منداڵ سەیری کراوە و هەموو سووکایەتییەکیشی پێ کراوە؟ خۆ ئەو چەند نموونەیەی هێنامانەوە، ڕوون و ئاشکرا پێمان دەڵێن هۆکاری ونبوون و دیارنەمانی دەنگی ژن چ بووە.

کورتی ببڕینەوە، بەشێکی زۆر لە هۆنراوە و بەیت و حەیرانەکان وەک باسمان کرد، ژنان هۆنەر و دانەریان بوونە، ئێمە لە نێویاندا بەیتی سوارۆمان وەک نموونە هێناوەتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو بەیتە هەتا ئێستا بەپێی پێویست ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە و کاری لەسەر نەکراوە.

## ژن لە بەیتی سوارۆدا

وەک پێشتریش باس کرا بەیتی "سوارۆ" یەکێکە لەو دەقە فۆلکلۆرییانەی کە پڕاوپڕە لە ڕەگەزی شێعری و خەیاڵی ناسکی شاعیرانە، کە دڵنیام، دانەری ئەو بەیتە ناخی پڕ بووە لە شێعری خۆشەویستی. هۆنەری ئەو بەیتەش ئافرەتە. ئەم بەیتەش بەمەرەدی دەقە فۆلکلۆرییەکانی دیکە چووە و پیاوان لە زمانی ئافرەتەکەوە دەیڵێنەوە. دیسانیش هەر پیاوە نوێنەرایەتیی ئافرەت دەکاتەوە.

بەیتی سوارۆ چیرۆکی ڕۆیشتنی فەرماندەیەکی سوارچاکە بۆ شەڕێکی پڕ لە مەترسی. سوارۆ بەر لەوەی بچێتە شەڕ، دێتە لای گراوی (مەعشووق)ەکەی و وێڕای ماڵاوایی و گەردن ئازایی، داوای ماچێکی لێ دەکات. بەڵام کچە پێی نادات...



"ئەوە دوێنێ چووکەڵە سوارەکەی من دەچۆوە سەفەری کاولە لەحسایە
ئەوە دەیکوت کیژێ وەرە دوو ماچە دەیە
بەسەری بەقوڕ و بە ملی بەکوێنم ڕووم لێ وەردەگێڕا
هەی لاڵ ببم نەمدەدایە...
ئەوە لە دوایی دەچوومەوە پێش چووکەڵە سوارەکەی خۆم
زولفی خۆمم لەبەر دەگێڕا و مەمکی خۆمم بۆ دەبردەوە تکایە
شەرت بێ بە شەرتی خوداو ڕەسووڵان
چووکەڵە سوارەکەم بێتەوە لەوێ شەڕێ هەرامەتە لەوێ هەڵایە
ئەمن سینگی خۆمت بۆ دەکەمە بە کاغەزەکە مەرجان و
مەکی خۆمی بۆ دەکەم بە قەڵەمەکی فەرەنگی
هەروەکوو مەلای دوازدە عیلم
شەوتا ڕۆژێ لێ بکا موتاڵایە"...

لێرەدا ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر سەرنجمان ڕادەکێشێ ئەوەیە کە کچە لەو کاتە ناسکەشدا، ماچی پێ نادا و تەنانەت دواتریش کە خەم دایدەگرێ و دەچێتەوە پێش "چووکەڵە سوارەکەی خۆی..." دیسانیش ناچێتەوە ماچی پێ بدا، بەڵکوو دەچێ کۆمەڵێک مەرجی بۆ دادەنێ بۆ پێدانی ماچ و شەو ڕامووسانێ. کە دەبینین یەکەم مەرجەکەی ئەوەیە لەو شەڕە

بگەڕێتەوە ئینجا ئەو "..سینگی خۆی بۆ دەکات بە کاغەزێکی"....

زۆریان گوتووە و هەر دەشیڵێنەوە "لە پشت هەموو پیاوێکی سەرکەوتووەوە ئافرەتێکی مەزن هەیە" بەڵام کەمتر نموونەی خۆماڵیمان بۆ دەهێننەوە. لەم بەیتەدا ئەو دیاردەیە بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێ. لێرەدا ئافرەت ناڵێ "وەگەڕێ و مەچۆ شەڕێ، ئینجا ماچت دەدەمێ..." بەڵکوو بەجۆرێک لە جۆرەکان هانی دەدا و هیواداریشی دەکا ئەگەر بگەڕێتەوە نەک هەر ماچێک بەڵکوو لە نیشتیمانی سەوزی جەستەیدا سەربەست و ئازادی دەکات. دیسان هەر لە زمانی ئەو ئافرەتەوە لە درێژەی بەیتەکەدا وێڕای ئەوەیکە ئافرەتەکە بۆی دەپاڕێتەوە کەلە تیری ئەجەل دوور بێت و هاوارێ دەباتە بەر پیر و پیاوچاکان و بۆی دەپاڕێتەوە لە نەهامەتی بیپارێزن، هەر لەو کاتەشدا هانی دەدات کە دەبێ لە شەڕگەدا ئازا و نەترس و بەجەرگ بێت، ئەگینا لە باخی زەردە هەناران، بێبەری دەکات. کەوابوو مەرجی ئەو ئازادکردنەی سوارۆ هەر ئەوە نییە بە سەلامەتی بگەڕێتەوە، بەڵکوو لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە پاڵەوانێتی بنوێنێت. کچە پێی دەڵێ" :ڕەبی سوارۆ ئەمن خەبەری مەرگی تۆم بۆ بێت نەک ئەوەی ببیستمەوە تۆ سەری لەشکرێ خۆت وەرگێڕاوە لەبەر هەزار و پێنج سەت سواران، نەکەی ئەمن خەجاڵەت و شەرمەزار بکەیتەوە لە نێو شەدەشل و خاڵ لەمل و ناسک و نازداران"...

لێرەدا خاڵێکی گرینگ و شاراوەی دیکەمان بۆ دەردەکەوێت، ئەویش ئەوەیە کە کچە، دیارە لەنێو کۆڕی دەستەخوشکانیدا زۆری تاریفاتی سوارۆ کردووە و وەک پاڵەوانێکی نەبەز بەوانی ناساندووە. هەربۆیە پێی خۆشە خەبەری مەرگی خۆشەویستەکەی ببیستێ بەڵام نەبێستێتەوە کە بەزیوە و ڕایکردووە ئەویش لەبەر چەند کەسان؟ لەبەر هەزار و پێنج سەت سوار!!

لە بەیتە کوردییەکاندا ژن بە چەند شێوەیەک دەردەکەون. بۆ وێنە لە بەیتی لاس و خەزاڵدا، خەزاڵ دەورێکی کردەیی و چالاکی هەیە و سەرۆکی عێل و عەشیرەتە و ئەمر و فەرمانی بە دەستە. بەڵام لە بەیتی سەیدەواندا، هەر دەنگی نییە جگە لەوەی ژن لەوێدا تەنیا لە ڕۆڵی ئەو بووکەدا دەردەکەوێ کە بە کچێتی دەگەڕێتەوە ماڵی باوان. لە بەیتی "کاکەمیر و کاکە شێخ"دا ژن واتە "ئەستێ و بوغدان" تەنیا شین دەگێڕن و هاوار و داد و فوغانێ دەکەن. لێرەش لە بەیتی سوارۆدا دەبینین یارکۆڵێی سوارۆ ڕۆڵێکی هاندەرانەی هەیە. سوارۆ هان دەدا لە مەیدانێ ورەی بەرز بێت. تەنانەت هەڕەشەشی لێ دەکات کە ئەگەر بێ و بە تێشکاوییەوە بگەڕێتەوە ئەوە لە خەوی سەر سینگ و مەمک و ماچی زەردەهەناران بێبەش و بێبەری دەکات.

ئەو قەول و بەڵێنانەی کە کچە بە سوارۆی دەدا لە ڕووی دەروونزانییەوە ئەگەر سەیری بکەین، دەبێتە هۆی پتەوترکردنی

وەی جەنگاوەرەکە. خۆ ئەگەر سوارۆ بەردەوام تەنیا لەبیری ئەوە دابێت کە خێرا بگەڕێتەوە بەشکم نازدار حەیران سینگ و مەمکی بۆ ئاوەڵا بکات، ئەوە لەوانەیە ئەوەندەی خەیاڵی لای شەوژوانێکی داهاتوو بێت، نیو ئەوەندە بیری لە لای جەنگاوەرانی لەشکرەکەی و هێزی دوژمنەکەی و شێوازەکانی شەڕ و پەلاماردان و سەرکەوتن نەبێت. هەر بۆیە مەرجی ئەو پێگەیشتنە نەک تەنیا گەڕانەوە بەڵکوو سەرکەوتنی پڕ دەستکەوتە.

٦ی جوولای ٢٠٢١

## ژن لە پانتایی هونەری گۆرانیدا

ژن بە گشتی لە پانتایی گۆرانیی کوردیدا، ڕوخسارێکی لێڵی هەیە. یان ئەوەتا تەنیا لە گۆشەنیگای پیاوەوە باسی کراوە و پەسن و تاریف یان زەمی کراوە، یان ئەگەر خۆیشی ویستوویەتی جاروبارە ناخی خۆی بخاتە ڕوو، ئەوا دواجار ئەو دەربڕینەشی هەر لە هێلانەی سینەیدا ماوەتەوە و هۆنراوە و گۆرانییەکەشی هەر پیاو چڕیوێتەوە. وەک هەموو ئەو بەشانە لە حەیران و بەیتەکان کە پیاوان دەیانڵێنەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ژن هۆنیویاننەتەوە و بە "کیژ دەڵێ..." دەست پێ دەکەن. جا بۆ تێگەیشتن لە هەموو لایەنەکان و هۆکارەکانی ئەو بزربوونەی دەنگی ژن لە فۆلکلۆری ئێمەدا، ناچارین زۆر بگەڕێینەوە دواوە و لە پێشداش ئاوڕێک لە کولتووری گەلان بدەینەوە بۆ ئەوەی بزانین ئاخۆ تەنیا لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواریی ئێمەدا وا بە سووک و بێ بایەخییەوە سەیری ژن کراوە یان لە نێو گەلانی دیکەشدا ئەو ڕەوتە هەر وابووە؟ با بزانین ئەو سووک ڕوانینە لە ژنان، بەرهەمی ژیان و ژیاری نوێیە، یان نەخێر ڕەگ و ڕنجی لە بنەبانی مێژوو دایە؟

ویل دۆرانت لە کتێبی چێژەکانی فەلسەفەدا ئاوا باسی ژن دەکا: "ئەرەستۆ گوتوویەتی ژن، بۆیە ژنە چونکە پیاو نییە. ئەفلاتون شوکرانەبژێری خودایە کە بە ژنی نەخوڵقاندووە. یەکێکی تر پێی وایە باسکردن لە ژن وەک ئەوە وایە باسی کێم و چڵک و چەپەڵی برینان بکەی". بەڵگەی مێژوویی و مرۆناسی زۆرن لەسەر ئەوەی سەردەمانێک ژنەکان لە دەسەڵاتدا بوون و تەنانەت حاڵەتێکی خوایانەشیان هەبووە. ئەو پەیکەرانەی لەسەردەمانی پێش مێژوو دۆزراونەتەوە و تێیاندا پەیکەرەکان لە شێوەی ئافرەت دروست کراون و مرۆڤەکان پەرستوویانن، ئەوە دەردەخەن کە ڕوانگەی مرۆڤەکان بۆ ژن لە سەردەمی ژیانی مرۆڤی کەوناراردا ڕوانگەیەکی پیرۆز بووە. سەید محەمەد عەلی سەجادی توێژەری زانکۆی شەهید بەهەشتیی تاران لە وتارێکیدا بە ناوی "زن و هبوگ" کە لە لاپەڕە ١٧٣ ی ژمارە ٥٧ی گۆڤاری توێژینەوەی زانستە مرۆییەکاندا بڵاوی کردووەتەوە، لەو بارەیەوە دەڵێ: "بوونی ئەو خاتوو خوا (خواژن)انەی کە سەردەمانێکی زۆر دەسەڵاتیان بەسەر جیهانی بیر و هزری مرۆڤەکاندا هەبووە، ناهێڵێ حاشا بکەین لەو ڕاستییەی کە سەردەمانێک ژن دەسەڵاتدار و پادشا بوون... و توێژنەوەکان سەلماندوویانە کە یەکەمین خانووەکان ژن دروستیان کردوون. یەکەم تۆو و دانەوێڵە ژن چاندوویەتی و یەکەم

جلوبەرگەکان بەرهەمی پیشەی دەباغی و چنین و دوورینی ئەوان بووە و تەنانەت هەورگەری (دروستکردنی گلێنە)ش داهێنانی ئەوان بووە... و زۆربەی هەرە زۆری کەوناراناسەکانیش پێیان وایە یەکەم وەرزێرەکان ژن بوون".

مرۆڤ چەندە لە سەردەمی ئۆستوورەکانەوە دوورتر دەکەوێتەوە و ژیانی سەرزەوی کۆنتر دەبێ، دەسەلاتی ژنیش کەمتر دەبێتەوە. توێژینەوەکان وایان دەرخستووە کە لە پێشدا ژن بەشێک لە دەسەلاتی خۆی لەگەڵ پیاواندا دابەش دەکا. بەلام کە شارستانییەتەکان دادەمەزرێن، بەهۆی ئەوەوە کە ناچار دەبن هێزی سەربازیی بەردەوام دامەزرێنن، وردە وردە ئەو دەسەلاتە لە ژن دەستێنرێتەوە و ئیتر پیاوان دەبنە مەیداندار و ئەوجار ئەوە پیاوانن تەنانەت چۆنیەتیی بیرکردنەوەکانیش دیاری دەکەن. ئیتر لەمەودوا مرۆڤەکان کە لە زەوییەوە سەر بەرەو ئاسمان هەڵدەبڕن و پێگەیەکی ئاسمانی بەخودا دەبەخشن، بەشوێن کەسێکدا دەگەڕێن کە تاوانی چارەڕەشی و مەینەتییەکانی بخەنە ئەستۆی و لێرەشدا لە ژن باشتریان وەگیر ناکەوێ. ئەو دەسەلاتدارەی کە ئیتر دەسەلاتێکی نەماوە. کە پێشتر ژن بەسەرچاوەی ژیان و تەنانەت گۆی زەویش بە مێینە و سەرچاوەی ژیان سەیر دەکرا و وەک زەویی دایک ناوی دەبردرا، ئیتر ئەمجارەیان هەموو ئەو شتانە پێچەوانە بوونەوە.

خەڵکی یونانی کۆنیش هەر بەسووک سەیری ژنیان کردووە و سووکیان لێ ڕوانیون. بۆ وێنە لە ئیلیادە و ئۆدیسەی هۆمێردا زۆر بە دەگمەن باسی ژنان دەکرێ و هەر کاتێکیش باسی ژنان کراوە، ئەوە وەک هۆکاری داگیرسانی بڵێسەی شەڕەکان و ئێرەیی پێبردن باسی ژنی کردووە، یان وەک کۆیلە و ئاژەڵ و دەستکەوتەکانی شەڕ.

شاعیرێکی یونانی کە ۸۰۰ ساڵ بەر لە زایین ژیاوە، سەرەتای هەموو نەهامەتی و چارەڕەشییەکانی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە بۆ پەیدابوونی یەکەم ژن بە ناوی پاندۆرا. سوزان مولیر ئۆکین لە کتێبی "ژن لە فەلسەفەی سیاسیی ڕۆژاوادا" بەو جۆرە تیشک دەخاتە سەر بۆچوونەکانی هەسیود: "لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەم ژن لەسەر زەوی ئیدی چارەڕەشیی مرۆڤیش دەستی پێ کرد. تۆرەمەی ژنان کە سەرچاوەی مەرگ و تێداچوونن، لە پاندۆرا کەوتووەتەوە کە ڕەگەز و نەژادێکی پیس و چەپەڵی هەبوو.. و مخابن بوونی ژن بۆ زاوزێ و مانەوەی تۆرەمە و ماڵداری پێویستە. ئەو خوێنەری بەرهەمەکانیشی وریا دەکاتەوە کە متمانە بە ژنان نەکەن". یان پریکلێسی سیاسەتمەداری یونانی لە ئامۆژگارییەکانیدا ئاوا باسی ژن دەکا: فەزیلەتی ژنێتی کە کەسایەتیی سروشتیی ژن پێک دێنێ، وا هەڵدەگرێ ژنان کەمتر قسە بکەن، جا قسەکانیان چاک بن یان خراپ. باشترین بەڵگە بۆ تێگەیشتن لە پێگەی ژن لە کۆمەڵگەی کۆنی مرۆییدا، ئەو پەند و ئیدیۆمانەن کە زار بە زار گەیشتوونەتە ئەمڕۆ. بۆ وێنە لە ئێرانی کۆندا گوتوویانە: "باشترین ژن، ئەو ژنەیە کە هێشتا لە دایک نەبووە." یان لە نێو عەرەباندا گوتوویانە: "گۆڕ باشترین زاوایە بۆ ئافرەت". یان ئەوەتا ئیدیۆمێکی چینی هەیە کە دەڵێ: " کە چوویتە

Serchawe سەرچاوە

لای ژنان، قەمچییەکەت لەبیر نەچێ". لە کوردەوارییەکەی خۆشماندا بەردەوام شتی لەو جۆرە گوتراوە: "ژن ئەقڵی لە کۆشی دایە، هەر هەستێتە سەر پێ، لێی بەردەبێتەوە"، یان "ژن قژی درێژە و ئەقڵی کورتە". ئەوە لە ئایینی ئیسلامیشدا بە دوو ژن حیسابی پیاوێکیان بۆ دەکرێ، هەم لە مەسەلەی میرات و هەمیش لە شایەتیداندا. ئەحمەدی بەحری لە گەنجی سەربەمۆردا دەنووسێ: ژن لە مێژوودا هەوراز و نشێوێکی زۆری پێواوە. زەمانێک بەرپرسی ماڵ بووە، زەمانێک دەسەڵاتی خۆی پەرە پێداوە و دەورانی "مێ وەجاغی" پێک هێناوە. دوایە بە هێندێک هۆ وردە وردە ئەم دەسەڵاتەی لە دەست داوە و دەورانی "نێر وەجاغی" دەستی پێکردووە و ئیتر خۆی پێ نەگیراوەتەوە. ڕۆژ بە ڕۆژ پتر کەڵک و بایەخی خۆی لە دەست داوە و تەنانەت وای لێهاتووە، بوونی مایەی سەرشۆڕی بووە و زیندەبەگۆڕیان کردووە.

خۆی ئەگەرچی لە نێو پەند و ئیدیۆمە کوردییەکاندا زۆر ئیدیۆمی واش دەست دەکەون کە نیشانەی بایەخدانن بە ژنان، بەڵام بە ڕوویەکەی دیکەیدا ئەوانیش کە لێکیان دەدەیتەوە، دەبینی دیسان ڕواڵەتەکەی وا دەنوێنێ کە ڕێزی لە ژن گرتووە. بۆ وێنە دەڵێن:" ژن کۆڵەکەی ماڵە، یان ژن و ماڵیان گوتووە". لە هەر دوو ئیدیۆمەکەدا کە لێی ورد دەبیتەوە، ژن بە ماڵەوە گرێ دراوەتەوە. لە یەکەمیاندا بە کۆڵەکە شوبهێنراوە. خۆی دیارە کۆڵەکە نەبێت ماڵ دەڕمێ، بەڵام کۆڵەکە بە لایەکی دیکەدا ڕەمزی چەق بەستن و چەقینە لە شوێنێک. ڕەمزی نەبزووتن و بێ جووڵەییە لەگەڵ ئەوەدا کە هەموو قورساییەکەشی لەسەرە. لە ئیدیۆمەکەی دیکەشدا "ژن و ماڵیان گوتووە"، دیسان قەتیس کردنەوەی ژنی تێدایە لە چوارچێوەی ماڵدا. هەر ئەو شتەی هەتا ئێستاش بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگە شەرقییەکان بەدەستییەوە دەناڵێنن و بەو هۆیەوە ژن هەر نەیتوانیوە سەربەخۆیی خۆی وەربگرێت و لە ئاکامی چاولەدەستبوون و بەستراوەیی ئابوورییەکەیەوە بەشێکی هەرە زۆری مافە ئینسانییەکان پێشێل دەکرێ. دەی لەو کۆمەڵگەیەدا کە بەو جۆرە لە ژن بڕوانێ و پێی وابێ بێدەنگبوون، حیجاب و شەرمی ژنە، ئیتر تواناکانی ژن چۆن دەپشکوێن و چۆن گەشە دەکەن؟ ئیتر چۆن کۆمەڵگاکەمان لە توانا شاراوەکانی ئەو بەشەی خۆی بەهرەمەند دەبێت، کە هەر خۆی ڕێگەی پێ نادا گەشە بکات.

عەزیز وەلیانی لە کتێبی ژیلەمۆدا ئاوا باسی ئافرەتی کوردەواری دەکات: سەرباری قەرقەشی و سەخڵەتیی ژیان لە لایەن باب و برایانی کە لە ژێر کارتێکردنی فەرهەنگی تایبەتی عەشیرەتن، بێ حورمەتیان پێ کراوە، گوێیان نەداوەتە ویست و دڵخوازی ئەو، بە کەمیان زانیوە، بە خۆیاندا شکاندۆتەوە، کەسایەتی و غرووریان لە ژێر پێ ناوە، شەڕیان پێ داکووژاندووە، بە بەرخوێنیان داوە، لەسەر لانکێ دەسنیشان کراوە، بۆتە بن پشکی برایان، بە زۆر بە مل کەسێکیان دابڕیوە، جا چ زەبەلاح و ڕەزاگران بێ و چ پەککەوتە و ئیختیار.

بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانە بەو دەرەنجامە دەگەین کە ئەو بەشە لە کۆمەڵگای کوردەواریمان، تەنانەت ئەگەر زۆر بەتوانا و

بەهرەمەند و داهێنەریش بێت، ئەوەنـدەی کۆسپ و لەمپەر لەبەردەم دایە کە ڕێگەی دەرکەوتنـی پـێ نـادات و لە ئاکامدا کۆمەڵگاکەش لێ بێبەش دەبێ.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جووڵای ٢٠٢١**

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**ڕەشەمەی ٢٧٢١ی زایینی = مارچی ٢٠٢٢ی زایینی**